IRAQI Academic Scientific Journals

المجلات الأكاديمية العلمية العراقية

JORNAL OF LANGUAGE STUDIES

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# Rhetoric in Sabri's Poetry

**Inst. Hassan Ali Omar***
**University Of Kirkuk. College Of Education . Kurdish Language Department.**
**E-mail:** hassnali@uokirkuk.edu.ig

**Keywords:**

- Rhetoric
- Budaiya
-Alliteration
- counterpoint
-Pun

**Article Info**

**Article history:**

**Received:** 6-2-2021
**Accepted:** 17-3-2021

**Available online**

## Abstract

Sabri was one of the greatest Kurdish classical poets in Kirkuk .And he magnified in figurative language, his impression demonstrates through his literary work. In this research which labeled (The Ornamentation of Sabri's poetry. I have chosen the famous poet in Kurdish literature who was the splendid poet and established the classical school in Kurdish poetry after the pioneers of classical poetry (Nali , Salim and Kurdi). The aim of the research is to personification of aspects of the marvelous figurative language through his poems.

The research is divided into three parts -:
-The first part is subdivided into two studies:
First study : we define ornamention and all its types while in the second study we deal with the Ornamentation and discuss the art of figure of speech according to poetry image by Sabri's poetry.
The second part ,we study the science of figurative of speech by meaning according to the Sabir's peoms.
The last part ,we deal with the excellent complex from the superb figurative language Afterwards ،in addition we had mentioned the aim and summary in Arabic and English language also enrolled my listing margin and resources.

* **Corresponding Author**: Hassan Ali Omar , **E-Mail** : hassnali@uokirkuk.edu.ig
**Tel**: +9647702106882. **Affiliation**: College of ducation for Humanities, University of Kirkuk -Iraq

# البديع في قصائد صابري

م. حسن علي عمر

جامعة كركوك/كلية التربية للعلوم الانسانية/قسم اللغة الكوردية

| الكلمات الدالة:- | الخلاصة |
|---|---|
| – البلاغة<br>– البديع<br>– الجناس<br>– الطباق<br>– التورية<br><br>معلومات البحث<br>تاريخ البحث:<br>الاستلام: 6_2_2021<br>القبول :17_3_2021<br>التوفر على النت | **الخلاصة:** صابري هو احد ابرز شعراء كورد الكلاسيكيين في كركوك وهو من الشعراء المجدين في الفنون البلاغية، و تظهر بصمتهما من خلال نتاجاتهِما الشعرية، ففي هذا البحث الموسوم ب(البديع في قصائد صابري)، اخترنَا الشاعر المعروف في الادب الكوردي، وهو من الشعراء المبدعين التي قامت عليها المدرسة الكلاسيكية في الشعر الكوردي بعد رواد الشعر الكوردي الكلاسيكي أمثال (نالى وسالم و كوردى). يهدف البحث الى تشخيص الجوانب الابداعية البلاغية عند صابري من خلال اشعارة.<br><br>ينقسم البحث الى ثلاث أقسام، فقسم الاول ينقسم الى مبحثين ففي المبحث الاول نُعرف علم البديع وانواعة. أما في المبحث الثاني نتطرق الى علم البديع و فيه نتداول فنون تزيين الكلام و على ضوء الامثلة الشعرية للشاعر صابري. لكن في القسم الثاني نتطرق الى علم تزيين المعنى و على ضوء الامثلة الشعرية للشاعر صابري، أما في قسم الثلاث فنطرق الى الابداع المركبة من فنون البلاغية، بعد ذلك تمت الاشارة الى الاهداف وملخص البحث باللغة العربية والإنكليزية ، ومن ثم تم تسجيل قائمتي الهوامش و المصادر . |

**ناونیشانی توێژینەوە/ جوانكاری لە هۆنراوەكانی صابریدا**

**توێژەر/م.حەسەن عەلی عومەر**

**زانكۆی كەركووك/ كۆلیژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان/ بەشی زمانی كوردی**

## پێشەکی

جوانکاری لە هۆنراوەکانی صابری دا ناونیشانی توێژینەوەیەکە کە کار لەسەر سەرجەم هونەرە جوانکارییە ڕەوانبێژی یەکان دەکات لە هۆنراوەکانی(صابری)دا، هونەرە جوانکارییەکانیش لە دوو ئاستی جوانکارییدا شیعری(صابری)یان ڕەنگ ڕێژ کردووە، ئەوانیش ئاستی جوانکاریی وشەیی و ئاستی جوانکاریی واتایین، جوانکاریی وشە کار دەکات لە سەر ڕازاندنەوەی ڕووخساری وشە و هاریکاری دەنگی لە نێوان ووشەکان، کە ئەمەش دەبێتە پێدەری ئاوازو هەماهەنگییەك لە نێوان جوانکاری و دەقە ئەدەبییەکە، جوانکاری واتاییش کار لە جوانکردنی دەرپرینەکان و واتای وشەکان دەکات و دەبێتە پێدەری جۆرێك لە نرخپێدانی واتایی لە دەقە ئەدەبییەکەدا، جوانکاری بەدیارترین و بەرفراوانترین هونەرە ڕەوانبێژییەکان دادەنرێت، کە پانتایەکی زۆری لە هونەری شیعریدا بۆخۆی گرتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین هەر ئەو پایە گرنگەیە کە جوانکاری وایکردووە زۆرترین بیروڕای جیاواز لەلایەن نووسەرو ڕەخنەگرانەوە لە بارەی چەمك و پێناسەو بنەماو جۆرەکانی جوانکاری بخرێتەڕوو، صابریش یەکێکە لەو شاعیرە سەرکەوتووانە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان هونەرە جوانکارییەکانی بەکارهێناوە، ئەمەش دەست ڕەنگینی ئەو کەڵە شاعیرەمان بۆ دەخاتەڕوو.

ڕەوانبێژی ، جوانکاری ، ڕەگەزدۆزی، دژیەك، پۆشین

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** دەگەرێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی:

1-بوونی چەندین هونەرەی جوانکاری لە هۆنراوەکانی(صابری)دا، وای لێکردین نەمانتوانی لێکۆڵینەوەکەمان تایبەت نەکەین بەم لێکۆڵینەوەیە.

2-زۆربەی ئەو توێژینەوانەی کە لەسەر صابری کرابوون، لە ئاستی ناوەڕۆکدابوون و لەسەر بیرو بۆچوونە ئاینی و سۆفیزمییەکانی شاعیر نوسراون، ئەم تیوژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی صابری وەکو شاعیرێکی لێهاتوو شارەزا لە زۆربەی هونەرەکانی جوانکاری و بەرجەستەکردنیان لە هۆنراوەکانی دا.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:** سنووری لێکۆڵینەوەکە بەکارهێنانی هونەرە جوانکارییەکان و هەردوو ئاستەکەی (واتایی و وشەیی)، هاوکات لەگەڵ هۆنراوەکانی صابری دا و شیکردنەوە و ڕاڤەی ئەو شیعرانەیە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو هونەرانەدا.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا کە لە ژێر ناونیشانی (جوانکاری لە هۆنراوەکانی صابری دا)دایەو، مێتۆدی نوسینەوەی بابەتەکە، ڕێبازی (وەسفی–شیکاری)بەکارهاتووە، سەرچاوە هونەرە جوانکارییەکان کردوومانە پێوەر بۆلێکدانەوەو شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی هۆنراوەکانی (صابری)و لەوێوە کاری لەسەر کردوون.

**ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:** ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە سەرەڕای ئەم پێشەکییە پێکهاتووە لە سێ بەش، بەشی یەکەم: پێکهاتووە لە دوو باس، باسی یەکەم: تایبەت کراوە بەلایەنی ناساندنی جوانکاری و هەروەها لەم باسەدا کە بەناوی چەمك و پێناسەی جوانکاری یە تیایدا باس لە زارەوەو پێناسەکانی جوانکاری کراوە، بەدرێژی و بەوردی کار لەسەر زانستی جوانکاری کراوە وەك بەشێکی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە. باسی دووەم: بەو پێیەی زانستی جوانکاری دوو ئاستە جوانکاری وشەیی و واتایی، ئەم باسە تایبەتە بەباسکردنی ڕازانەوەی ووشەو بابەتەکانی بەتایبەت ئەو بابەتانەی کە لە هۆنراوەکانی صابری دەبینرێن، بەشی دووەم: ئەم بەشە تایبەتە بە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی لە شیعری صابری دا، وە ئەم باسە پێکهاتووە تەنها لەیەك باس، باسەکەمان دابەشکردووە بەو شێوەیەی هەر هونەرەو بووەتە باسێکی

سەربەخۆو جۆرو لقی هەر هونەرێك لەو هونەرانە دەستنیشانكراوەو پێناسەو ناساندنی بۆ كراوەو دواتر لە هۆنراوەكانی دا پراكتیكمان كردووەو لێكدانەوەو ڕاڤەی شیعرەكە كراوە لەبەر ڕۆشنایی هونەرەكاندا، بەشی سێیەم: ئەم بەشە تایبەتە بە هونەرەكانی رەوانبێژی تێكەڵ لە هەر سێ زانستەكانی رەوانبێژی لە شیعرەكانی صابری دا، لە كۆتایی لێكۆڵینەوەكەشدا كۆمەڵێك ئەنجام، كە دەرئەنجامی سرووشتی لێكۆڵینەوەكەیە خراوەتەڕوو، پاشان خستنەڕووی ئەو سەرچاوانەی كە لێكۆڵینەوەكە پشتی پێبەستوون، دواتریش كورتەی لێكۆڵینەوەكە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نوسراوە.

## بەشی یەكەم: باسی یەكەم: چەمك وپێناسەی جوانكاری:

دیارە دەربارەی جوانكاری بەهەمان شێوەی زانستەكانی تری رەوانبێژی چەندین ڕاوبۆچوون هەیە لەوانە: لە قورئانی پیرۆزیش دا خودای مەزن وا باس لە جوانكاری دەكات و دەفەرموێت: [بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ]:[بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَإِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ][صدق الله العظيم].(بقرة:ئاية:(117))(bakara:117). هەروەها"جوانكاری لە توێژینەویەك تێناپەڕێ كە كار بۆ جوانی ئاخاوتن وواتا بە ڕەنگێكی داهێنراو لە جوانی گوفتار یان واتایی، و جوانكاری بەوە دەناسرێ زانستی كۆكراویە بۆ ئەم توێژینەوانە، كە بریتییە لەچاككاری ووتەیی، و لەچككاری واتایی"(جارم وأمين:2007م:346). (Ali Jaram& Amin:2007:34). هەروەها جوانكاری"یەكێكە لەسێ بەشەكانی زانستی ڕەوانبێژی، ووشەیەكە لە ڕووی زمانییەوە بریتییە لەداهێنانی شت یان بەواتایەكی تر، بەو وشەیە دەگوترێ كە بۆ یەكەم جار دادەهێنرێ"(د.ئیدریس عەبدوڵلا:2003ز:9).(Abdulla2003:9) ئیدی"جوانكاری بەو زانستە دەناسرێ كە جوانی بە ڕووەكانی قسە دەبەخشێ" (مەولوود:2004ز:152). (Mawloud:2004:152). جوانكاری بەوەش پێناسە دەكرێ"بەڕێبازی چاككردنی ئاخاوتن، جوانكاری دەكرێتە دوو بەشەوە، یەكیان دەگەڕێتەوە بۆ گوفتار ئەویش پێی دەووترێ (چاككاری ووتەیی) بەڵام ئەەی تر بۆ واتا دەگەڕێتەوە بۆیە پێی دەووترێ (چاككاری واتایی)"(حلاوی:2007م:5)(Halawi:2007:5) هەر دەربارەی جوانكاری"زانیاری بەدیع، ئەم زانیارییە لە بارەی چۆنیەتی ی ڕازاندنەوەو ئارییش كردنی وشەو قسانەوەیەو لە گەلێك جۆرە ووردەكاری پێككهاتووە"(د.عبدالواحد مشیر:2015ز:35).((Dzayi:2015:35جوانكاری بەدوو جۆر دەردەكەوێت (ڕازاندنەوەی ووشە، ڕازاندنەوەی واتا) ئەركی سەرەكی لەوەدایە كە سەیری پارچە ئەدەبییە كە دەكات و لایەنی جوانی ئەدۆزێتەوەو لێیان وورد دەبێتەوەو هەڵیان دە سەنگێنێت. بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها باس لەو بابەتانە دەكەین كە لە نێو دێرەكانی(صابری)دا دەردەكون.

**<u>باسی دووەم:</u>** جۆرەكانی جوانكاری لەهۆنراوەكانی صابریدا:ڕازانەوەی وشە:لەو جوانییە دەدوێت كە لە ڕووخساری بەرهەمی ئەدەبییەوە هەڵدەقوڵێت و دەیڕازێنێتەوە، وە بە ڕازانەوەی ووشە ناودەبرێت، جوانكاری بە شێوەیەكی گشتی لەو ڕەگەزو دەستوورانە دەدوێت، كە لایەنی هونەری و جوانی ئەدەب ڕوون دەكاتەوە، لەڕووی زمانییەوە بریتییە لە داهێنانی شت.

**<u>یەكەم/ڕەگەزدۆزی:</u>** ڕەگەزدۆزی بریتییە لەبوونی دوو وشە كە لەدەربڕینەدا بەشێوەیەكی تەواو لێك چونێك لەتوانایدا هەبێ بەڵام لەڕووی واتاوە جیاوازە، هەریەكە واتای تایبەتی خۆی هەیە، واتە ڕەگەزدۆزی"دووبارە كردنەوەی دوو وشە دەگرێتەوە كە لە ڕواڵەتدا وەكو یەك وابن یان بەیەك بچن بەڵام هەریەكیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت كە جودا بێت لە واتای وشەكەی تر"(پەخشان عەلی ئەحمەد:2009م:167). (Ahmad:2009:167) كەوا بێ لێرەدا مەبەست لە ڕەگەزدۆزی لە دێرێك دا، چەند وشەیەك هەن لە ڕووی فۆرم و ڕووخسار وەك یەك بن بەڵام لە ناوەرۆك دا یاخود لەواتا جیاوازبن.

واتە:ڕەگەزدۆزی ئەوەیە کە دوو ووشە یان زیاتر، لە ڕوالەت دا وەکو یەك وابن یان بەیەك بچن. بەڵام هەریەکیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت و جودا بێت لەواتای وشەکەی تر یان ووشەکانی تر. نم/{گوڵی باخان جووتی باخانی ئەوێ}، ئەوەیە کە شاعیر"دوو یان سێ وشەی وا بێنێت کە لە ڕواڵەت دا تەواوە وەك یەکبن و بەئەندازەی موویەك جیاوازییان نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت"(عەلائەدین سەجادی:1978ز:127)(Sajadi,1978:127). واتا:دەبێت وشەکانی ڕەگەزدۆزی تەواو لە هەموو شتێکدا وەك یەکبن تەنها لە ژمارەی پیت و جۆری پێتەکان و شێوەو ڕیزبوونی پیتەکانیش دا بەڵام هەریەکەیان واتای خۆی هەبێت. دەتوانین بڵێن ڕەگەزدۆزی تەواو ئەوەیە کە لە ڕواڵەت وەك یەکن و لە ناوەڕۆك دا جیاوازن.

جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی:1-ڕەگەزدۆزی تەواو(الجناس التام): 2- ڕەگەزدۆزی ناتەواو(الجناس غیر التام):

1-ڕەگەزدۆزی تەواو: ئەوەیە کە شاعیر دوو یان سێ وشەی وا بێنێت کە لە ڕواڵەت دا تەواوە وەك یەکبن و بەئەندازەی موویەك جیاوازییان نەبێت، بەڵام واتایان جیاواز بێت، واتە:دەبێت وشەکانی ڕەگەزدۆزی تەواو لە هەموو شتێکدا وەك یەکبن تەنها لە ژمارەی پیت و جۆری پێتەکان و شێوەو ڕیزبوونی پیتەکانیش دا بەڵام هەریەکەیان واتای خۆی هەبێت. ئەمیش چەند جۆرێکی لێی دەردەکەوێت:

أ-ڕەگەزدۆزی هاورەسەن: ئەورەگەزدۆزییەیە کە هەردوو ووشەکان هاورەسەن بن، واتا لە یەك ڕەگەزبن، ئەگەر{ناو}بێت ئەبێت هەردووکیان(ناو)بن. وەئەگەر{کردار}بێت دەبێت هەردووکیان کرداربن. بۆ نموونە:.

{شەوقی یاری وا لە شاری سینەما}{هەر دەمێ ڕەنگی دیگەر وەك سینەما}دص(55)

ووشەی{سینەما}دووجار هاتووە، جاری یەکەم بۆ (سنگی مرۆڤ) دەگەێنێ وە جاری دووەم (هۆلی سینەما) مەبەستێتی.

واتە هەردوو{سینەما}کەش، هەر (ناو)ن، بۆیە پێیان دەوترێت {ڕەگەزدۆزی هاورەسەن}.

ب-ڕەگەزدۆزی تەبا: ئەمەش هەردوو وشەکان جودابن واتا یەکیان(ناو)بن و ئەوەی تر(کردار)بێت. دوو وشەی رەگەزدۆزی تەواویان لێ بکەوێتەوەو هەردووکیانیش لە ڕەگەزی ڕەسەن دا لە یەك جودابن. واتا یەکێکیان(ناو)بێت و ئەوەی تریان (کردار)بێت. بۆیە پێی دەوترێت(تەبا)، چونکە: هەرچەندە لە ڕووی ڕەسەنەوە جودان، بەڵام لەڕووی ڕواڵەت دا( شێوە )دا یەك شتن و زۆر لەگەڵ یەکتردا تەبان. بۆ نموونە:.

{با لەمەولا عومری رابردوو قەزا گێرینەوە}{ڕوو لەمەولا کەین و هەم بگرینەوە ڕێگەی ڕەشاد}دص(80)

لەم شیعرەدا وشەی{لەمەولا}ی یەکەم (کردارە)بە واتای (لەمە بدواوە)دێت، واتە وا پێویستەکات کە ژیانی رابردوومان بەچاکە بگێرینەوە. بەڵام لەوشەی{لەمەولا}ی دووەم(ناوە)بەواتای(خودای تاك و تەنها)دێت، واتە روو لەخوای مەزن کەین.

ج-ڕەگەزدۆزی ئاوێتە: ئەوەیە هەردوو وشەکان لێکدراو بن واتە سادە نەبن. هەروەها ئەوەیە کە ئەو هەردوو وشەیەی ڕەگەزدۆزییان لیێ دەکەوێتەوە، وشەی لێکدراوبن واتە سادە نەبن، لێرەدا سەیری ئەوە ناکرێت ئاخۆ ئەو دوو وشەیە (ناون یان کردار)ن، بەڵکو تەنها سەیری ئەوە دەکرێت کە وشەکان سادەن یان لێکدراون. بۆنموونە:

{نەخۆشی سەرسەری"صابر"مەگەر چاپێتەوە ڕۆژێ}{کە تۆ پێیە بنێیە سەر سەری کۆتابێ ئۆف و ئاخ}دص(79)

وشەی (سەرسەری) دووجار هاتووە،{سەرسەری}ووشەیەکی ناسادەیە پێکهاتووە لە دوو وشەی سادە {سەر+سەری}. واتە{سەرسەرین}یەکەم بەواتای نەخۆشی سەر چێگای وسەرین دێت.{سەرسەری}دووەمیش بەواتای بان سەری دێت، واتە تۆ پێیێك بخیتە بان سەری کۆتایی بە ئۆف وئاخ دێت وچاك دەبێتەوە.

د-ڕەگەزدۆزی ساوێتە: ئەوەیە هەردوو وشەکان یەکێکیان وشەیەکی سادەو ئەوەی تر لێکدراویێت. هێنانی وشەیەکی سادەو یەکێکی ناسادە.

{صابری ئالی عەباوا چاکە نەفس ئاڵدەبێ}{زیوی قەلبی قاڵ دەبێ فرمێسکی ئەوسا ئاڵ دەبێ}دص(285)

وشەی(ئاڵ دەبێ)دووجار هاتووە،{ئاڵدەبێ}ی یەکەم یەك وشەی سادەیە لە(ئاڵدەبێ) واتە دەروونی صابری ئاڵۆز دەبێت. کەچی{ئاڵ دەبێ}ی دووەم دوو وشەی سادەیە کە لە(ئاڵ+ دەبێ) پێك هاتووە، وە بەواتای( كاڵ دەبێتەوە)دێت. واتە لێرەدا ڕەگەزدۆزێکە پێکهاتووە لەوشەیەکی سادەولێکدراو.واتە ڕەگەزدوزێکە ساوێتەیە.

**دووەم/ڕەگەزدۆزی ناتەواو:** بریتییە لە"دوو وشە کە لەڕووی ژمارەی پیتەکانیان یان شێوەی یان جۆری یان ڕیزبوونی تەواو وەك یەك نەبێت و جیاوازیەکیان لە نێواندا هەبێت، لە ڕووی واتاشەوە دەبێ هەریەك واتای سەربەخۆی هەبێت"(د.ئیدریس عبدالله:2012ز:165).(Abdulla2012:165). واتە:ئەگەر بێت و دوو وشە یەکێك لەم خاڵانەی بەسەری دا نەچەسپا بێت. {ژمارەی پیتەکان، جۆری پیتەکان، شێوەی پیتەکان، ڕیزی پیتەکان}. ئەوکاتە ڕەگەزدۆزی ناتەواو دروست دەبێت، کاتێ ئەو چوار مەرجەی بەتەواوی نەهێناوە دی.

جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی ناتەواوی:

**أ-ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا:** لەم جۆرە دەشێت لە{ژمارەو شێوەو ڕیزی پیتەکانیان}یەك بێت، بەڵام جۆری یەکێك لە پیتەکانیان لەیەك جۆر نەبێت. بۆنموونە:

{دەردەدارو بێ دەوا خۆم تابعی نەفس و هەوا خۆم}{موستەحقم بێ کەوا خۆم کردە جەوتی بەد نەژاد}دص(80)

واتە هەردوو وشەی(بێ دەوا)و(بێ کەوا)ی هێناوە کە ڕەگەزدۆزین و ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جوودان چونکە جۆری پیتەکان جیاوازن کە(د+ك)ە، واتایانیش جیاوازەو واتاکانیانیش (بێ دەوا)واتە داو دەرمانی نییەو(بێ کەوا)ش واتەبێ بەرگ و جل.

**ب-ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد:** لەم جۆرە ڕەگەزدۆزیەیە دەشێ جۆرو شێوەو ڕیزی پیتەکانیان یەك بێت، بەڵام ژمارەی پیتەکانیان ئەوەندەی یەکتر نەبێت، واتە یەکێکیان پیتێك لەوەی تر زیاتر بێت.

{ لە سولەیمانی و کەرکوك و وولاتی کفری }{نووری چاوانی ئەگەر تابیعی زوڵم و کوفری}دص(219)

ووشەی{کفری، کوفری}ڕەگەزدۆزییان لێکەوتەوە کە ژمارەی پیتەکانیان جودایە، چونکە پیتی(و)ی لە وشەی{کوفری}لە ووشەی{کفری} زیاترە، بۆیە پێی دەگوترێت ڕەگەزدۆزی

ناتەواوی زیاد. بێ گومان واتایانیش جیاوازەو واتاکانیانیش ئاشکرایە، کە(کفری)واتە:(شاری کفری)یە. وە(کوفری)یش واتە:( بێ بڕوایی بەخودای مەزن).

**ج-ڕەگەزدۆزی ناتەواوی لادەر:** ئەوەیە کە دوو بنەما کە{ووشە}کە تەنها جیاوازی لەسەرو بۆرو ژێردا واتە {حرکات وسکنات}ی هەبێ، واتە لادەر ئەوەیە دوو وشەیە زیاتر بێنێ لە ژمارەو جۆرو ڕیزی پیتەکانیان وەکو یەك بن، بەڵام لە شێوەی جودابن، ئەمە بە ڕەگەزدۆزی (لادەر) دادەنرێ.

{ذوالفقاری عەشق تیغی چەرخی دەوران کول ئەکا}{حوسنی جانان دەرکەوێ کێ سەیری باغی گوڵ ئەکا}دص(41)

هەردوو وشەی{گوڵ}و{کول}دەبینین کە هەردوو پیتی (ڵ،ل) ئەلەفۆنی لە یەك جیاوازن، بۆیە پێێ دەگوترێت ڕەگەزدۆزی ناتەواوی لادەر. بێ گومان واتایانیش جیاوازەو ئاشکراو ڕوونە.

**د-ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ئاڵۆز:** ئەوەیە بەدوو وشە یا پتر بێنی کە ژمارەو شێوەو جۆری پیتەکانیان یەك بێ بەڵام ڕیزی پیتەکانیان یەك نەبێ، واتە پیتەکانیان پاش و پێش کرابن شوێنیان ئاڵوگۆڕ کرابێ. بۆ وێنە:

{نەوبەهارە مەوسمی پشکەوتنی گوڵ هەتاوە}{ئیعتباری شیوەن وهاواری بولبول هاتەوە}دص(177)

لێرەدا ڕەگەزدۆزی یە کە لە نێوانی دوو وشەی {هەتاوە، هاتەوە} دا دروست بووە، چونکە دوو پیتی هەردوو وشەکە گوێزرانەتەوەو شوێنیان گۆڕاوە، ئەوانیش پیتی(ە+ا)ە، بۆیە پێێ دەگوترێت ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ئاڵۆز. بێ گومان واتایانیش جیاوازەو ئاشکراو ڕوونە.

**هـ-ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێش:** بریتییە لە"دوو وشە کە لەڕووی ژمارەو شێوەو جۆر و ڕیزبوونی پیتەکانیان تەواو وەك یەك نەبێت و جیاوازی لە زۆربەی پیتەکانیان دا هەبێت، تەنها لە ڕیتم و مۆسیقاو دەنگەوە لە شێوەی یەك بن، لە ڕووی واتاشەوە دەبێ هەریەك و واتای سەربەخۆی هەبێت، بۆ نموونە:

{کڵاوی سەردڕاوی خۆم بەتاجی پادشا نادەم}{کەلاوەی دووکەڵاوی خۆم بەقەسرو گەنجی شانادەم}دص(ل141)

لێرەدا(صابری) سێ وشەی هێناوەتەوە(کڵاوی)و(کەلاوەی)و(دووکەڵاوی)ڕەگەزدۆزین و دەچێتە قاڵبی ڕەگەزدۆزی هاوکێش، چونکە تەنها لە ڕیتم و مۆسیقاو دەنگەوە لە شێوەی یەکن، واتایانیش جیاوازە، وشەی(کڵاوی)واتە:شبقەی سەر، وشەی (کەلاوەی) واتە:خانوی ڕووخاو، کەچی وشەی(دووکەڵاوی)یش واتاکەی ئاشکراو ڕوونە.

<u>دووەم/پاتکردنەوە:</u> ئەوەیە ووشەیەك یان دەستەواژەیەك یان ڕستەیەك بێنێ و چەند جارێك دووبارەی بکاتەوە، بۆ چەند مەبەستێکی تایبەتی، بەمەرجێك هەموویان واتایان یەك بێت، لە جارێکەوە بۆجارێکی تر واتایان نەگۆڕێت ولە ڕووخسارو ناوەڕۆکی ووشەکەوە وەك یەك بن، واتە"پاتکردنەوە ئەوەیە کە پێك هاتبێت لە دەستەواژەیەك دووپاتکرابێتەوەو واتاکەی سەربەخۆ بێت لەگەڵ دەوروبەرەکەی، وە لە ڕووخسارو ناوەڕۆکیش ووشەکە وەك یەکبن"(أ.د.محمد حسن علی مجید الحلی:2010م:82). (Al-Hali:2010:8) هەروەها بۆ چەندین مەبەست بەکار دێت، وەك بۆ چەسپاندنی (واتا)یە لە مێشکی گوێگرو بردنە نێو دڵێیەوە، وە بۆ دامەزراندنی کێشی هۆنراوە، بۆ پڕینەوەی هۆنراوەو بەجێ هێشتنی کاریگەرییەکی بەهێز، پاتکردنەوە بۆ چەندین مەبەست درووست دەکرێت لەوانە:

**1-بۆچەسپاندنی(واتا)بە لە مێشكی گوێگرو بردنە دڵنیەوە.**

{هەر پووكە پووكتە گوێزی پووك ناشكێ بە پووك}

{ئەی پیری سەر سپی سووكە سووك مەكە لە دەوری بووك}دص(129)

لەم دێڕەش بەجوانی دەردەكەوێت كە بۆ ڕەخنە گرتن و نیشاندانی ڕەنگی پیری و دوور كەوتنەوە لە ڕفتاری گەنجی.

**2-بۆنیشاندانی داخ و خەفەت وپەرۆشی.**

{ هاژە هاژی سەیلی چاووم پڕ بە عالەم مەوج ئەدا }{ قەترەیە نایەتە بەر چاوت لە سەختی قارەكەت }دص(65)

لەم دێرەش بەجوانی دەردەكەوێت كە بۆ نیشاندانی خەم و خەفەت و پەرۆشی.

**3-بۆ دامەزراندنی كێشی هۆنراوە:**

{رۆژ و شەو خورشید و مەە لاف و گەزافی زۆر ئەكەن}

{فەرموو فەرموو بابكەن هەر یەك بە لا یەك كەڕ و فەڕ}د(89)

لەم دێرەش بەجوانی دەردەكەوێت كە بۆ نیشاندانی ڕێك خستنی كێش و سەروایە.

**4-بۆبرینەوەی هۆنراوەو بەجێ هێشتنی كاریگەری یەكی بەهێز.**

{گرانی كەوتە نێو مەخلوق و ئینگلیز هات و رومی چو}

{نمونەی حەشرە نەفسی نەفسی یە ئینسان كە مەخمورە}د(231)

لەم دێرەش بەجوانی دەردەكەوێت كە بۆ بەجێ هێشتنی كاریگەری یەكی بەهێز لە ناخی دڵی گوێگر.

**سێیەم/گێرانەوە:** گێڕانەوە بریتییە لە"هەڵواسینی وشەیەك لەلایەن شاعیرەوە لەدێرێكدا بەواتایەك دواتر لەهەمان دێڕدا ئەو وشەیە دەگێڕێتەوە بە واتایەكی دیكەی دەبەستێتەوە"(د.ئیدریس عبداللە:2011ز:247).(Abdulla2011:247) .

واتای گێرانەوە ئەوەیە كە وشەیەك یان ڕستەیەك یان دەستەواژەیەك بێنی كەبە واتایایەكی تایبەتیەوە بەسترابێتەوە پاشان هەمان وشە یان رستە یان دەستەواژە بهێنێتەوە بەڵام ئەمجارە پەیوەندی بەشتێكی دیكەوە هەبێ، واتە شاعیر وشەیەك بۆچەند جارێك بەكاربهێنێ و چەند جاری گرێ بدات. گێرانەوە چەندین جۆری لێی دەردەكەوێت:

1- گێرانەوە بەووشەی سادە: ئەمیش بەم چەند شێوەیە دێت:

أ- گێرانەوە بەناو: واتە ئەو ووشەی كە چەند جارێك گێردرایەتەوە، دەبێت ناو بێت.

{خودایە چاوی، چاوی من لە چاوی بەد بپارێزە}

{ئەگەر چی چاوەكەم چاوی رەش و فەتتان و خوێن رێژە}د(169)

لەم هۆنراوەیەدا، جوار جار وشەی(چاو)ی گێڕاوەتەوەو هەر جاری بۆشتێك گێڕاوەتەوە، جاری لەگەڵ(خودایە)و جاری تر(من)و جارێكی تر(بەد)وەجاری لەگەڵ(رەش) گێراوەتەوە.

**<u>ب- گێرانەوە بە جێناو:</u>** واتە ئەو وشەی کە چەند جارێك گێردرایەتەوە، دەبێت جێناو بێت.

{دەردەدارو بێ دەوا خۆم تابعی نەفس و هەوا خۆم}{موستەحقم بێ کەوا خۆم کردە جەوتی بەد نەژاد}د(80)

لەم دێرەدا،سێ جار جێناوی(خۆم)ی گێڕاوەتەوەو هەر جارێ بۆ شتێك گێڕاوەتەوە، جارێ لەگەڵ(دەوا)و جارێ لەگەڵ (هەوا) وە جارێ لەگەڵ(کەوا) گێڕاوەتەوە.

**<u>ج- گێرانەوە بە کردار:</u>** واتە ئەو ووشەی کە چەند جارێك گێردرایەتەوە، دەبێت کردار بێت.

{چاك پەیرەوی عالم ئەکەی هەر کاتبی زاڵم ئەکەی}{هەرچاوەڕێی چاڵم ئەکەی لێدەی بەگوفتاری"سقگ"}د(116)

لەم دێرەش، سێ جار کرداری(ئەکەی)ی گێڕاوەتەوەو هەر جارێ بۆشتێك گێڕاوەتەوە، جارێ لەگەڵ(عالم)و جارێ لەگەڵ (زاڵم) وە جارێ لەگەڵ(چاڵم) گێراوەتەوە.

**<u>د- گێرانەوە بە ئاوەڵناو:</u>** واتە ئەو ووشەی کە چەند جارێك گێردرایەتەوە، دەبێت ئاوەڵناو بێت.

{وجود ئەوجا عەزیزە تۆ عەزیزی لای عەزیزی بی}{نە ئانکی باغچەی شارو دارو بێ خاوەن و چەرداخ}د(78)

لەم دێرەدا سێ جار وشەی(عەزیزە)ی گێڕاوەتەوەو هەر جارێ بۆشتێك گێڕاوەتەوە، جارێ لەگەڵ(وجود ئەو)و جارێ لەگەڵ (تۆ)و جارێ لەگەڵ(لای) گێراوەتەوە.

**ز- گێرانەوە بە ئاوەڵکرداری کاتی:** واتە ئەو ووشەی کە چەند جارێك گێردرایەتەوە، دەبێت ئاوەڵکرداری کاتی بێت.

{لە حاڵی من دەپرسی بۆچ وا غەمگینو شادمانم}{دەمێ حازر دەمێ غائب دەمێ نزیك دەمێ دوری}د(284)

لەم دێرە، چوار جار وشەی(دەمێ)ی گێڕاوەتەوەو هەر جارێ بۆشتێك گێڕاوەتەوە، جارێ لەگەڵ(حازر)و جارێ لەگەڵ (غائب)و جارێ لەگەڵ (نزیك) وجارێ لەگەڵ (دور) گێراوەتەوە.

**ح- گێڕانەوە بە ئامرازی ئاماژە:** واتە ئەو ووشەی کە چەند جارێك گێردرایەتەوە، دەبێت ئامرازی ئاماژە بێت.

{تەسویەی رێی خاس و عام و تەرکی رێگەی دین ئەکەی}

{ئەی (مهندس) ئەی تەریقی خاس و عام و پێشەوا}د(53)

لەم دێرەش،دوور جار وشەی(ئەی)ی گێراوەتەوەو هەر جارێ بۆشتێك گێراوەتەوە، جارێ لەگەڵ (مهندس)و جارێ لەگەڵ ڕێگا (تەریق) گێراوەتەوە.

**<u>و- گێرانەوە بە ئامرازی پرسیار:</u>** واتە ئەو ووشەی کە چەند جارێك گێردرایەتەوە، دەبێت ئامرازی پرسیار بێت.

{مەنعی چی دەرمانی چی مەعجونی چی لوقمانی چی}

{قەتعی خوێنی چاوی من ناکا خەنە و تورش و سرێش}د(104)

لەم دێرە، جوار جار وشەی(چی)ی گێراوەتەوەو هەر جارێ بۆشـتێك گێراوەتەوە، جـارێ لەگەڵ (مەنعـی)و جـارێ لەگەڵ (دەرمـانی) و جـارێ لەگەڵ (مەعجـونی) وجـارێ لەگەڵ (لوقمـانی) گێراوەتەوە.

**2-گێرانەوە بە ئامرازی پەیوەندی:** ئەمیش بەم چەند شێوەیە دێت:

أ- ئامرازی پەیوەندی{بە+بوو+بۆ+لە}. واتە ئەو پرگەیەی کە چەند جارێك گێـردرایەتەوە، دەبێـت ئامرازی پەیوەندی بێت.

{بە زاهیر رەنگی ئەییوبی بە باتین جەنگو ئاشوبی}

{بە سورەت حەزرەتی–موسـی– بە سـەنعەت سامری تاكەی}د(194)

لەم دێـرە، جـوار جـار ئـامرازی(بە)ی گێـراوەتەوەو هەر جـارێ بۆشــتێك گێـراوەتەوە، جـارێ لەگەڵ(زاهیـر)و جـارێ لەگەڵ(بـاتین) و جـارێ لەگەڵ(سـورەت) وجـارێ لەگەڵ(سـەنعت) گێراوەتەوە.

{لە شاری عوشرەتا مەستی لە بازاڕی تەمەع چوستی}

{لە خانەی تاعەتا سستی میسالی سەرسەری تاكەی}د(194)

لەم دێـرە، سـێ جـار ئـامرازی(لە)ی گێـراوەتەوەو هەر جـارێ بۆشــتێك گێـراوەتەوە، جـارێ لەگەڵ(شار)و جارێ لەگەڵ(بازار) و جارێ لەگەڵ(خانە) گێراوەتەوە.

ب- ئامرازی نەرێ{نە+بێ}. واتە ئەو پرگەیەی کە چەنـد جارێـك گێـردرایەتەوە، دەبێـت ئـامرازی نەرێ بێت.

{گبیب و خوێش و بێگانە هەموو لەم دەردە حەیرانە}{نە دەرمانێ نە تەدبیرێ نەكەس هاوارییە ئەم شەو}د(156)

لەم دێـرە، سـێ جـار ئـامرازی(نە)ی گێـراوەتەوەو هەر جـارێ بۆشــتێك گێـراوەتەوە، جـارێ لەگەڵ(دەرمانی)و جارێ لەگەڵ (تەدبیری)و جارێ لەگەڵ(كەس) گێراوەتەوە.

{چاوەكەم بێ نورە دڵ بێ (شینو كافو یێو بێ)}{بێ شەكیبو بێ قەرارم تەن نەخۆشو بێ دەوا}د(232)

لەم دێـرە، پێـنچ جـار ئـامرازی(بێ)ی گێـراوەتەوەو هەر جـارێ بۆشــتێك گێـراوەتەوە، جـارێ لەگەڵ(نـورە)و جـارێ لەگەڵ(شـینو كـافو یـێو بـێ)و جـارێ لەگەڵ(شـەكیب) وجـارێ لەگەڵ(قەرارم)وە جارێ لەگەڵ(دەوا) گێراوەتەوە.

ج- ئامرازی لێكدەر{ئەگەر+یا،یا}. لەم دێرەی ئامرازی (ئەگەر):

{چار و عیلاجی نییە سەودای عەشق}{یا بە دوعا یا بە دەوا یا بە تەبیب}د(60)

لەم دێـرەدا سـێ جـار ئامرازی(یـا)ی گێـراوەتەوەو هەر جـارێ بۆشــتێك گێـراوەتەوە، جـارێ لەگەڵ(دوعا)و جارێ لەگەڵ(دەوا)و جارێ لەگەڵ(تەبیب) گێراوەتەوە.

{ئەگەر ئایاتی قورئانە ئەگەر هەنگوینی لوقمانە}{پەیاكەن گورج و ئازانە لە دەشت و شار و بازاران}د(149)

لەم دێــرە، دوو جــار ئــامرازی(ئەگەر)ی گێــڕاوەتەوەو هەر جــارێ بۆشــتێك گێــڕاوەتەوە، جــارێ لەگەڵ(ئایاتی)و جارێ لەگەڵ (هەنگوینی) گێراوەتەوە.

**<u>3- گێرانەوە بەڕستە:</u>** واتە ئەو ووشـەی کە چەند جارێك گێردرایەتەوە، دەبێت ڕسـتە بێت.

{تا نەهاتم بوو نەهاتی تا(تبین)بێ بە هات}{تازە هاتی هاتنت هەیهاتە بۆ غەمبارەکەت}د(65)

لەم دێرە، شــەش جـار ڕسـتەی(هاتن)ی گێراوەتەوەو هەر جـارێ بۆشـتێك گێـڕاوەتەوە، جـارێ لەگەڵ(چێناوی م)و جارێ لەگەڵ (چێناوی ی) وە جارێ لەگەڵ(بە)و جارێ لەگەڵ (تـازە) جـارێ لەگەڵ(چێناوی ت)و جارێ لەگەڵ (غەمبار) گێراوەتەوە.

**<u>4-گێرانەوە بەگرێ:</u>** واتە ئەو ووشـەی کە چەند جارێك گێردرایەتەوە، دەبێت گرێ بێت.

{خەیاڵی خام ئەکەی کورتەك ئەکەی نەقد}{خەیاڵی خام مەکە ئەی شێخی بەرماڵ}د(134)

لەم دێرە، دوو جار گرێی(خەیاڵی خـام)ی گێـڕاوەتەوەو هەر جـارێ بۆشـتێك گێـڕاوەتەوە، جـارێ لەگەڵ(ئەکەی)و جارێ لەگەڵ (مەکە) گێراوەتەوە.

<u>چوارەم/کەرت کردن:</u> ئەم هونەرە یەکێکە لە هونەرە جوانکارییەکـان، بەم شـێوەیە باسـی دەکرێت:"کەرتکردن، دابەش کردنی هەر دێرە یان نیوە دێرە شیعرێکە بە چەند کەرتێکی سـەروا دارەوەو سـەرباری بوونی سـەروای گشتی شیعرەکە، ئەو کەرتانە هاوسـەروا دەبن و زۆر جاریش هــاوکێش دەبــن"(عەبـدول سـەلام سـالار عەبـدولرحمان:2000ز:158).(Abdullrahman:2000:158). بێچکە لەو، زانا یاسین لە نـامەی ماسـتەرەکەی دەربـارەی کەرتکـردن دەڵێـت"کەرتکردن کە بـۆ ڕازاندنەوەی ڕووخسـاری شیعری شـاعیران پەنای بۆ دەبەن، دەبێـتە هـۆی ئاسـان خوێنـدنەوەی شـــــیعر بەهـــــۆی ئەو کەرتە هـــــاوکێش و هاوســـــەروایانەوە"(زانایاســـــین عبید:2016ز:72).(Obaid:2016:72). هەر دەربارەی کەرتکردن دا"ئەم هـونەرە خـۆی لەخۆیـدا وا لە شیعر دەکات ئەو جوانییەی کە سـەرواکەی هەیەتی لەڕووی خوێندنەوەوە ئاسان و خـۆش بێـت و وا لە خـوێنەر دەکـات بەردەوامیـیەك بـدا بە شـیعرەکەو کـاریگەری بهێڵێـت لەسـەر خـوێنەرو ئەمەش وا دەکــات لەبەرکردنــی ئاســان بێــت وەك لەوەی شــیعرێك ســەروادارو کێشــدار نەبێت"(ڕۆکـان گوریـل شـعیا:2014ز:88).( Shaaya:2014:11) هەروەکـو لە مەوپـێش ئاماژەمـان پـێ کــردووە، ســەروادار بە زۆری لە پەخشــان دا دەر دەکەوێــت بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا زۆرجــار سـەروادار هۆنراوەش دا دەڕازێنێـتەوە. واتە شـاعیر جـگە لە سـەروای گشـتی، هـۆنراوەکەی لە کاتی هۆنینەوەی شیعرکەی دا (سـەروادار)بەکاردەهێنێت، ئەم هـونەرە پێـی دەگوترێـت (کەرت کردن). شێوەکانی کەرت کردن:

1- دەشێ دێرە شیعرەکە بکاتە چوار کەرتی یەکسـان و هەر چوار کەرتەکان بە پیتـی وەك یەك سـەروادار بکات، بەم چەشـنە:

{مەسـتەکەی مەی نۆشـەکەم سـەربەسـت و-مشرب-خۆشـەکەم}

{جان وعەقل وهۆشـەکەم مەسـتورو روو پۆشـراوەکەم}د(139)

گەر ڕوانینە دێرەکە دەبینین دێـڕەکە بەهـۆی سـەروای(کەم)وە، کـراوەتە چـوار کەرتەوە، کە لە ووشـەی: { نۆشـەکەم، خۆشـەکەم، هۆشـەکەم، پۆشـراوەکەم}

2- دەشێ دێرە شیعرەکە بکاتە چوار کەرتی یەکسان و سێ کەرتـی یەکەمـی بە پیتێـك، یـان چەند پیتێکی دیـاریکراو سـەرواداردەکات، بەڵام کەرتـی چـوارەم سـەرواکەی لەگەڵ سـەروای گشتی هۆنراوەکەی یەکدەخات، بەم شێوەیە:

{لە هەشتا تێپەڕی عومرت قیامەت نایەتە فکرت}{جوێن و غەیبەتە زیکرت پیاوی زیرەکو وردی}د(215)

گەر بڕوانینە دێڕەکە دەبینین دێڕەکە بەهۆی سەرواوی(رت)وە، وە لەگەڵ سەرواوی گشتی شیعرەکە کراوە بەچوار کەرتەوە، کە لە وشەی:{ عومرت، فکرت، زیکرت }، پێکهاتووە.

3- دەشێ نیوە دێڕێك لە شیعرەکە بکاتە چەند کەرتێ، هەروەها کەرتەکان یەکسان بن، بەم جۆرە:

{ئەگەر خۆ تۆ خودا ناسی وەکو ماسی کەڕ و کاسی}

{وە ئیللا وەك سەگی پاسی، چییە ناڵان لە دەرماڵان}د(151)

گەر یروانینە دێرەکە دەبینین دێرەکە بەهۆی سەرواوی(سی)وە، کراوەتە چەندین کەرتەوە، کە لە وشەی:{ناسی، ماسی، کاسی، پاسی } پێکهاتووە.

4- دەشێ هەردوو نیوە دێرەکە بکاتە چەند کەرتێکەوە، هەروەها کەرتەکانیش یەکسان بن، بەم جۆرە:

{دڵ رفێنو سەف شکێنو خوێن رژێن ئازا وەرە}{جانو دڵ برفێنە سەف بشکێنە خوێن برژێنەوە}د(188)

گەر یروانینە دێرەی یەکەم دەبینین دێرەکە بەهۆی سەرواوی(ێن)وە، کراوەتە چەندین کەرتەوە، کە لە ووشەی:

{ رفێن، شکێن، رژێن }پێکهاتووە.

5- دەشێ دێرە شیعرەکە بکاتە چوار کەرتی یەکسان و هەردوو کەرتی سەرەتای نیوە دێرەکان بە چەند پیتێك سەروادار بکرێت، هەروەها هەردوو کەرتی کۆتایی نیوە دێرەکان بە چەند پیتێکی جیاواز سەروادار بکرێت، بەم وێنەیە:

{حەبیبا نوری روخسارت لە باتی بەرگو نیعمەتمە}{تەبیبا چاوی بیمارت دەوایی دەردو عیللەتمە}د(167)

گەر بڕوانینە دێرەکە دەبینین دێرەکە بەهۆی سەرواوی( رت + تمە )وە، کراوەتە چەندین کەرتەوە، کە لە ووشەی: {روخسارت، نیعمەتمە، بیمارت، عیللەتمە}پێکهاتووە.

**پێنجەم/تێهەڵکێش:** ئەوەیە شاعیر نیوە دێرێك یان هۆنراوەیەك یادێرێك یان پارچە هۆنراوەیەکی تەواوی شاعیرێکی تر بێنێ و لە هۆنراوەکەی خۆیدا هەڵیبکێشێ و پێی برازێنێتەوە، واتە: بریتییە لە تێهەڵکێش کردنی ڕستە و گووتەی یەکێکی تر بەو هۆنراوەیەی شاعیرێك لەنوێ دایدەڕێژێت، جا گووتەو ڕستە کە ئایەتێکی قورئان بێت، یان فەرموودەیەکی پێغەمبەرێت، یان پەندێکی پێشینان بێت، یان نیوە دێری دێرە هۆنراوەی شاعیرێکی تر بێت"(د.ئیدریس عەبدوڵڵا:2003ز:57)(Abdulla2003:57). عەزیز گەردیش دەڵێت"تێهەڵکێش لەپەخشانیش نووسەر پەنای بۆ دەبات، زۆر جار ووتەکانی خۆی لەم ڕێگەیەوە بە ووتەی کەسانی تر بەهێز دەکات"(عەزیز گەردی:1972ز:52).(Gardy:1972:52)

تێهەڵکێش بەچەند شێوەێك دەردەکەوێت:

## 1- تێهەڵكێش لەگەڵ شعرێك بە زمانێكی تر:

**فارسی:** {ئەو جووتە برۆت داوە بە یەك چیم دەسەڵاتە}{ئان كیست كدام ئەست باشە كند ئەنباز}د(94)

لێرەدا تێهەڵكێش كردووە لە نێوان زمانی كوردی و فارسی لەم دێرە شیعرەی خۆی .

<u>توركی</u>{كێ بوو وا تیری هەوادا خەڵكی كوشت و پێكەنی}{أللّٰه سیور سز موسلمانلەر نەدەر بو ئەرمەنی}د(216)

لێرەدا تێهەڵكێش كردووە لە نێوان زمانی كوردی و توركی لەم دێرە شیعرەی خۆی .

## 2- تێهەڵكێش لەگەڵ پەندی پێشینان:

{رۆژ و شەو"شمس وقمر"لەو حوسنە وەرئەگرن"شعاع"}{دولبەرا تا"كل سر جاوز الاثنين شاع"}د(119)

لێرەدا تێهەڵكێش كردووە لەنێوان شیعرەكەی خۆی و پەندێكی پێشینانی عەرەبی كە دەڵێت(هەر نهێنییەك كە دوو كەسی تێپەڕاند بڵاوبۆوە).

## 3- تێهەڵكێش لەگەڵ ئایەتێكی قورئانی پیرۆز:

لەم دێرەی صابری شاعیردا بە دی دەكرێت.

{ئایەتی(ماینگق عن الهوی)صابر جییە}{هەرچی پێغەمبەر ئەڵێ بێ شك كەلامی رەبییە}د(42)

لێرەدا تێهەڵكێش كردووە لەنێوان شیعرەكەی خۆی و لەگەڵ ئەو ئایەتەی كە خودای مەزن تیایدا دەفرمێت: [وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى[3]{إِنْ هُوَ إِلاَّ وَحْيٌ يُوحَى} [سُورَةُ النَّجْمِ:4/53]

## 4- تێهەڵكێش لەگەڵ ووتەیەكی پێغەمبەر(دوروودی خوای لێبێت).

{یاری من هەرچی ئەكا مەنعم مەكەن من وائەكەم}{(لاعلی الاعمی حرج)چاوم نییە ئەو فائیدە}د(173)

لێرەدا تێهەڵكێش كردووە لەنێوان شیعرەكەی خۆی و لەگەڵ ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوداتیایدا دەیێژێت:{بۆ نابیناكان شەرمەزاری نییە كاتێ كاریكیان نەتوانی ئەنجام بدەن}

## 5- تێهەڵكێش لەگەڵ ووتەیەكی ئاسایی بەزمانی عەرەبی كە لەنێو خەڵكی دا باو بێ.

{وەرە(أنت وحليبك) خۆسەرم دانا لە رێگەی تۆ}{تەبیبا تا بە كەی هەر چاوەڕێی مشتێ زەبیبت بم}د(138)

لێرەدا تێهەڵكێش كردووە لەنێوان شیعرەكەی خۆی و لەگەڵ ئەو قسەی كە باو لەلای مللەتی عەرەب كاتێ هەر ڕێكەوتنێك دەبێت لە نێوان دوو كەس لەسەر هەر شتێك پاشان پێی دەڵێت خۆتو شیرت}

**شەشـەم:هێنانەوە:** هێنـانەوە لە هـۆنراوەو پەخشــان دا دەبینرێـت، ئەمەش بـریتییە لەوەی کە شاعیر یان نووسەر ووشەیەك لە سەرەتادا یان لە ناوەڕاستی هۆنراوەکەدا یان دێـرە هـۆنراوەیەك بێنـێ پاشـان هەمـان ووشــە لە کۆتـایی هەڵوێســتەکەدا یـان دێـرە هـۆنراوە کەدا بهێنێتەوە، لەم دێرەش بەجوانی دەردەکەوێت.

{ڕۆژ و شەو تەفسیری ئایەی حوسن و زولفی یار ئەکەن}

{وا گەهێ فەرهاد گەه مەجنونەوارم ڕۆژ و شەو} د(158)

ووشەی (ڕۆژو شەو)لەسەرەتای نیوە دێری یەکەم هاتووە، پاشان لەکۆتایی نیوە دێری دووەمی هۆنراوەکەش هاتووە.

**دەرکەوتنی هێنانەوە:** هێنانەوە دەشێت لەم چەند شوێنانەدا دەرکەوێت.

**1- یان دەشێت وشەی یەکەم لە سەرەتای نیوە دێری یەکەم بێت پاشان لە کۆتایی بەهێنێتەوە.**

وەك لەم وێنەیە:

{مەڕمەڕم دی بێ گوناه وەستا فرەی دایە خەلا}{مینبەر و میحرابی مزگەوتیش ئەکا لەو مەڕمەڕە} د(180)

ووشەی (مەڕمەڕ)لەسەرەتای نیوە دێری یەکەم هاتووەو، پاشان لەکۆتایی نیوە دێری دووەمـی هۆنراوەکەش هاتووە.

**2-یان وادەبێت وشەکە بکەوێتە ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی دێرە هۆنراوەکە پاشـان لە کۆتایی بەهێنێتەوە.**

ئەم دێرە بەوێنە

{ئەهلی دین حەرفی جەڕە شەیتان کە بەو مەجروور ئەبێ}

{حەسرەتا ئێستا کە تۆ مەجروورى ئەو حەرفی جەڕە} د(180)

ووشەی (حەرفی جەڕە) لە ناوەڕاستی نیوە دێری یەکەم هاتووەو، پاشان لە کۆتایی نیوە دێری دووەم هاتۆتەوە.

**3-یان دەشێت وشەی یەکەم لە کۆتایی نیـوە دێـری یەکەم بێـت پاشـان لە کۆتـایی بەهێنێتەوە.** وەك ئەم وێنەیە:

{پیری کردم دەرد و زامی عەشقی جانان ئەی درێغ}{توشی من بۆ داستانی پیری کەنعان ئەی درێغ}د(121)

ووشەی (ئەی درێغ) لە کۆتایی نیوە دێری یەکەم هاتووەو، پاشان لە کۆتایی نیوە دێری دووەم هاتۆتەوە.

**4-یان دەشێت وشەی یەکەم لەسەرەتای نیوە دێـری دووەم بێـت پاشـان لەکۆتـایی بەهێنێتەوە.** ئەم دێرە بەنموونە: {ئومێد ئەکەم بە عەفو خەتام داپۆشی}{تۆ پادشاه و من بەندەیی روسیاهی تۆ}د(155)

ووشەی (تۆ) لە سەرەتایی نیوە دێڕی دووەم هاتووەو، پاشان لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەم هاتۆتەوە.

**5-یان دەشێت وشەی یەکەم لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی دووەم بێت پاشان لەکۆتایی بەهێنێتەوە.** بڕوانە ئەم دێرە: { گوڵی حوسنی کە بنوێنێ بەشەر ئارامی نامێنێ }

{ وەکو بولبول ئەناڵێنێ لە شاخ و دەشت و باخ و شاخ }د(77)

وشەی (شاخ) لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی دووەم هاتووەو، پاشان لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەم هاتۆتەوە.

<u>حەوتەم/بوونی پێویستە:</u> یەکێکە لە هونەرەکانی ڕازانەوەی وشە، و بەزمانی عەرەبی دا(لزوم مایلزم)ی پێی دەوترێت، عبدالواحد دزەیی دەربارەی ئەم هونرە دەڵێت:"پابەندبوونە بە فۆنێمێك یان زاتر لەپێش ئەوفۆنێم و بزوێنەی، کە مۆسیقای پێکهێناوە، بۆ زیاتر کاریگەری دروستکردن لە مۆسیقای شیعرەکە"(د.عبدالواحد مشیر:2015ز:137).(Dzayi:2015:137)، هەروەها بوونی پێویستە:"بریتییە لەوەی کە لای کەمی دوو حەرفی دوایی لای کەمی دوو وشەی بەرانبەر لە لای کەمی دوو ڕستەی بەرانبەرا وەك یەك وابن"(مەلاعبدالکریمی مدرس:1991م:45) (Mudaris:1991:45 ) واتە:دەتوانیین بەڵێن ئەم پێناسانەی سەرەوە، هونەری بوونی پێویستە بریتییە لەوەی شاعیر لە دێرێك دا یا زیاتر، پیتێك یان زیاتر بێنێ لە پێش پیتی سەروای گشتێکە. لەم دێرەش بەجوانی دەردەکەوێت.

{هەرپووکە پووکتە گوێزی پووك ناشکێ بە پووك}

{ئەی پیری سەر سپی سووکە سووك مەکە لە دەوری بووك}د(129)

لەم دێرەدا وشەکانی (پووکە پووکتە)و( پووك )و(سووکە سووك)و(بووك)واژەی سەروان(پووك و بووك)ی کۆتایی وشەکانیش ڕەوی دروست کردووە، بەپیتی(ك)ی پێش ڕەویەکەش(بوونی پێویستەی یەك پیتی)بەرهەمهێناوە، ئەم (بوونی پێویستە) یەش وایکردووە پیتی(ك)ی سەروای دێرەکان زیاتر دەربکەوێت.

**هەشتەم/تەسمیت(التسمیط):** ئەم هونەرە یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری وشەیی و یەکێکە لە هونەرەکانی کەرتکردن، شاعیر جەخت لە هاوسەروا کردنی کۆتایی کەرتەکانی دێری شیعری دەکات، بەمەبەستی بەخشینی جوانی و ئاوازێك بە دێرە شیعرەکەوە. واتە شاعیر دێرێك بۆ چوار کەرتی یەکسان دابەش دەکات، سێ کەرتی هاوسەروا دەبێت و کەرتێکیشی جودا دەبێت، زۆر کات سێ کەرتی یەکەم هاوسەروا دەبێت و کەرتی کۆتایی لەگەڵ سەروای گشتی هۆنراوەکە هاوسەروا دەبێت. لێرەدا صابری زۆر لێهاتوانە ئەسپی خۆی تاوداوە:.

{بە باڵا سەرووی بوستانە بەروخساری گولستانە}{بە شەو"ساقی"مەستانە بەرۆژ بێ مەسکەن وسۆراخ }د(77)

ئەم دێرە کراوە بە چوار کەرتەوە، هەر کەرتێك هەشت(8) بڕگەیە، سێ کەرتی یەکەم بە پیتی(ە)هاوسەروا کراون، کەرتی کۆتایی پیتەکانی وشەی (بوستانە+ گولستانە+ مەستانە)، سەرواکراوە بە پیتی(خ)، کە سەروای گشتی هۆنراوەکەیە.

<u>**نۆیەم/موتەڕیف(هاوسەر):**</u> ئەم هونەرەش، بریتییە لە"چەند ڕستەو بەندێکە بە شوێن یەکدا دێن، لە پیتی دواییدا وەکو یەکن، بەڵام لەلایەن ژمارەی پیت و کێشەوە جیان"(سەجادی:1978: 143)(Sajadi,1978:143) واتە هاوسەر بریتییە لە ووشە کۆتاییەکانی نیوە

دێـرە شـیعرەکە هـاوکێش نەبـن، بەڵام هاوسـەربن. واتە ئەوەیە کە چەنـد ڕسـتەو بەنـدێکە بە شوێن یەکدا دێن ولە پیتی دوایی وەکو یەکن، بەڵام لە لایەن ژمارەی پیت وکێشـەوە جیـاوازن، وەك لەم دێرەی صابری بەدەر دەکەوێت.

{ئەی بە نووری حوسنی پاکت شەرق وغەرب و بەحرو بەڕ}

{روون و داگیرساوە ئەرزو ئاسمان وشك وتەڕ}د(89)

لە وشەی(بەڕ) لە کۆتایی نیوە دێری یەکەمدا هاتووە، وشـەی(تەڕ)یش لە کۆتـایی نیـوە دێـری دووەمـدا هـاتووە، ووشـەکان لە ڕووی کێشـەوە جیـاوازن، بەڵام بە پیتەکـانی(ەڕ) هاوسـەروا کراون، بەم جۆرەش هونەری موتریف دروست بووە.

**دەیەم/هاوکێش{المتوازن}:** ئەوەیە کە چەند سەروایەك لە چەند ڕسـتەیەکی بە شوێن یەکدا دروست بێت لە کێشدا ڕوو بە ڕووی یەك بـن، بەڵام لە پیتـی بنچینەیـی دا لەیەك جودا ئەبـنەوە، هـاوکێش هەر تـایبەت نـیە بە پەخشـانەوە، بەڵکـو لە هۆنراوەشـدا هەیە، بـێ گومان مەبەستمان لە هۆنراوەی جووت سـەروا نـی یە، بەڵکـو هـۆنراوەی نێـوانی چـامەدا هەر تاقانەدا.

{ئەی لەبەر ئەو چووتە چاوی مەست و بیمارت مرم}{قاتیلاتی بێ دڵان و مائیلاتی شۆڕ و شەڕ}د(90)

لە وشەی(شۆڕ و شەڕ) لە کۆتایی نیوە دێـری دووەمـدا هـاتوون لە پـاش یەکـدا، ووشـەکان لە ڕووی کێشـەوە جیـاوازن، بەڵام بە پیتەکـانی(ڕ) هاوسـەروا کـراون، بەم جـۆرەش هـونەری هـاو کێش دروست بووە.

**یازدەیەم/هـاوروو:{متوازی}:** ئەم بەشـە ئەوەیە کە سـەرواکان لە دووایـی ئەو ڕستانەوە دێن کە بە شوێن یەکدان، ئەمانە لە هەموو ڕوویەکەوە ڕێکن لە کێش و ژمارەی پیـت تەنانەت لە پیتی پێش پیتـی بنچینەییشـدا هەر یەکـن، پیتـی بنچینەیـی ئەوەیە کە سـەرواکە لەسـەر ئەو ڕاوەستاوە.

{بەباڵا سەرووی بوستانە بەروخساری گولستانە}{بە شەو"ساقی"مەستانە بەرۆژ بێ مەسکەن وسۆراخ }د(77)

لە وشەی(بوستانە) کە لە ناوەڕاستی نیوە دێری یەکەمدا هاتووە، وە وشەی(مەستانە)یش لە ناوەڕاستی نیوە دێری دووەمدا هاتووە، ووشەکان لە ڕووی کێشەوە هاوکێشن، بەڵام تەنها لە پیتەکانی(بو)و(مە) جیاوازن، وە لە پیتەکانی(ستانە)هاوروو کراون، بەم جۆرەش هونەری هاوروو دروست بووە.

<u>دوازدەیەم/نسـخ:</u> یەکـێکە لە هـونەرە جوانکارێکـان، بەهـۆی کـاریگەری شـاعیرەوە بە شاعیرانی پێش خۆی بەرهەمدێت، ئەم کارتێکردنەش هەندێك جـار شـاعیر کـاریگەر دەبێـت بە شـاعیرێکی سـەردەمەکەی خـۆی، یـاخود بە شـاعیرێکی پـێش سـەردەمەکەی خـۆی و بەرهەمەکـانی ئەو شـاعیرەی کە پێـی کـاریگەر بـووە ڕەنگـدانەوەی دەبێـت لەسـەر شـاعیرە کارتێکراوەکە، هـونەری نسـخیش"بریتییە لە نووسـینەوەی دەقێـك، کە لە هەردوو ڕووی وشـەو واتاوە ئاشکرا دیاربێ ئەم دەقە نـوێیە لەدایکبـووی دەقێکـی پێشـە خرۆیەتـی و بەهـۆی ئەوەوە بەرهەمهێنراوە."(د.ئیدریس عبدالله:2012ز:60).(Abdulla2012:60).

{ تانەهاتم بوو نەهاتی تا(تەبەییون) بێ بە هات }{ تازە هاتی هاتنت هەیهاتە بۆ غەمبارەکەت }دص(52)

{ئەو نەهاتن:دەردە، داغی ئەو نەهاتن: دەردەها}

{کەس بەدەردی من نەچێ، وەك من نەبێ تووشی نەهات}دم(59)

گەر بڕوانینە دێڕەکەی صابری دەبینین د.ئازاد ئەمین باخەوان کە لە کتێبی(صابری لە دووتوێی چەند لێکۆڵینەوەیەکدا)کە بە بابەتێك بەژداری کردووە بە نێو(زمانی شیعری و توانای زمانی لەلای(صابری) شاعیر) دەیێژێت"چەند جارێك ووشەی(هات) دووبارە دەبێتەوە،هەر جارێکیش بۆ مەبەستێك دەووترێت، جاری یەکەم بۆ (نەبوونی)، دووەم یش بۆ واتای کرداری نەهات دێت، کەچی جاری سێیەم دوو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، (تا نەبووبووم تۆ دیار نەبوویت و نەهاتیت بۆ ئەوەی نەبوونییەم بە بەهای تۆ دەرکەوێت)، ئەمە خوێندنەوەی یەکەم، بەڵام خوێندنەوەی دووەم بۆی(تا نەبووبووم تۆ دیار نەبوویت و نەهاتیت بۆ ئەوەی ئەو نەهاتییەی من بێت بەهات)"(ئا:لەتیف فاتح فەرج: 2009: 119).(faraj:2009:119) هەروەها مەحوی لە دێڕە شیعرەکەی دا دەیێژێت"دەردی من تاقە دەردێك نییە، نەهاتنی یار ئەوە دەردێك، خەمی نەهاتنەکەشی کە هەمیشە دووبارە دەبێتەوە، ئەوە چەند دەردی تر، ساخوایە کەس وەك منی لێ نەبێ و تووشی دەردی من نەبێ و نەگبەتی نەیەتە ڕێ کە هەمیشە هەر (یار نەهات)بەسەر زمانییەوە بێ"(دیوانی مەحوی:1977: 59). (Mahwi:1977:59) واتە هەردوو شاعیر کۆکن لە دەربڕین دێرەکانیان بەکار هێنانی ووشەی(هات)و هەمان ئازار دەکێشن و کە چاوەڕوانی یارەو کاریگەری مەحوی شاعیرە بەسەر صابری دا، ئەم هونەرەش کە لە هۆنراوەی صابری دەرکەوتووە پێی دەوترێت نەسخ.

**<u>سێزدەیەم/پێنج خشتەکی(التخمیس):</u>** هونەرێکی شیعری فارسییە، شاعیرانی کلاسیکی کوردیش بەهۆی کاریگەری شاعیرانی فارسەوە پەیڕەی ئەم هونەرەیان کردووەو زانایانی بواری ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا خستوویانەتە خانەی هونەری جوانکارییەوە. هەر دەربارەی پێنج خشتەکی محمد سعیدیش دەڵێت:"بەو مانایە شیعرێ لە شاعیرێکی دیکە لە نێو سێ (مصرع)ی خۆیدا جێ بدا"(موحەمەد سەعید ئیبراهیمی:1985م:113).(Ibrahimi:1985:113) واتە شاعیر دێڕە شیعرێکی شاعیرێکی ناودار دەکاتە بناغە بۆ شیعرێکی خۆی و لەهەر پێنجینێکیدا سێ نیوە دێڕی خۆی دەخاتە سەر، بەهەمان کێش و سەروا، صابری شاعیریش وەکو شاعیرێکی دیاری نێو ئەدەبی کلاسیکی شارەزایەکی گەورەی هەبووە، سەبارەت بە فۆرم و ڕووخساری شیعری پێش خۆی و سەردەمەکەی خۆی پێنجخشتەکیش وەکو هونەرێکی جوانکاری، تاقیکردنەوەی توانای خۆی بەکارهێناوە و ویستوویەتی بڵێن ئێمەش تواناما هەیە کە بە هەمان کێش و هەمان سەروا و هەمان ناوەڕۆك وەکو شیعری شاعیرانی پێش خۆمان بنووسین و هاوشانی ئەوان بین، هەر بەخوێندنەوەی شیعرەکانی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە صابری شاعیر کاریگەرییەکی گەورەی (مەحوی)ی لەسەر بووە، بۆ ئەو مەبەستەش هاتووە پێنجخشتەکیەکی لەسەر غەزەلێکی دیاری(مەحوی)کردووەو دەڵێت :

{دڵم خەستەی فیراقی موتریبی شیرین نەوابێ زوو}

{تەبیبا دەستی دامانی تۆ قەندە گولابێ زوو}

{دەترسم چەرخی دەوران بکاهەم ئینقلابێ زوو}

{لەپڕ پەردەی ئەجەل بۆ شیشەی عومرم نەوابێ زوو}

{فیراقم دەستو بردێ ساقیا جامێ شەرابێ زوو}

**<u>چواردەیەم/تەتریز (التطریز):</u>** ئەمەش یەکێکە لەو هونەرە جوانکاریانەی کە شاعیرانی بە توانا و خاوەن سەلیقە بۆ ڕێکخستنی کێش بەکاری دەهێنن، هەندێکجار

شـاعیران بـۆ جـوانکردنی هۆنراوەکانیـان چەنـد وشـە و دەسـتەواژەیەکی هـاوکێش لە هەمـان جێگـای نیـوە دێڕەکـانی هۆنراوەیەکـدا بەکـاری دەهێـنن، ئەمەش خوێنـدنەوە ئاسـان و خـۆش دەکات، هەروەها دەشـێ لە دوو دێڕ یان زیاتری هۆنراوەیەکدا بەرجەستە بێت، بەو مەرجەی ئەو وشانەی (تەڕیز)ەکە بەرهەم دەهێنن هاوکێش و هاوشوێن بن لە هەموو دێڕەکانـدا، وەکـو لەم نموونەیەدا کە بەناونیشانی(یارەب)دا کە تێدا صابری دەڵێت:

{یارەب پەناه نییە غەیرەز پەناهی تۆ}{بە سەد گوناهەوە رووم کردە بارەگاهی تۆ}

{ئومێد ئەکەم بە عەفو خەتام داپۆشی}{تۆ پادشاه و من بەندەیی روسیاهی تۆ}

{عومری خدرو موڵکی ئەسکەندەرم گەر دەبوو}{سەرفم دەکرد بە خودا هەمووی لە راهی تۆ}

{نا شارەزام و ئاشنایە نییە دەسم بگرێ}{قەیدم بکا لە دەفتەری تیپ و سوپاهی تۆ}

{یارەب بگاتە دامەنی ئاشنا دەستی (صابری)}{(پانی) بە جاهی ئەنبیا ئەوەل بە جاهی تۆ}

وشەکانی(پەناهی) لە نێوە دێری یەکەمی دێری یەکەم و (بارەگاهی) لە نیوەی دووەمی دێری یەکەم و (روسـیاهی) لە نیـوەی دووەمـی دێـری دووەم و (راهـی) لە نیـوەی دووەمـی دێـری سێیەم و (سـوپاهی) لە نیـوەی دووەمـی دێـری چـوارەم و (جـاهی)لە نیـوەی دووەمـی دێـری پێنچەمدا، هاوشوێن و هاوکێش و هاوسەروان، بەمەش هونەر (تەڕیز) بەرهەمهاتووە.

**بەشی دووەم/ڕازانەوەی واتا:** جۆرەکانی جوانکاری لە هۆنراوەکانی صابری دا، ڕازانەوەی واتا. لەو جوانییە دەدوێت کە لە ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبییەوە هەڵدەقوڵێت و دەی ڕازێنێتەوە. بە ڕازانەوەی واتاش ناودەبرێت.

یەکەم/دژیەك: دژیەك یەکێکە لە هونەرەکـانی جوانکـاری واتـای، دژیەك بـریتییە لە هێنـانی دوو ووشەی دژبەیەك، یان ڕوو بەڕووکردنی دوو واتای پێچەوانەی یەك، جا ئەم دژیەك و پێچەوانەیە، دەشـێت لە هـۆنراوەدا بێـت یـان لەپەخشـان. هەروەهـا دژیەك کە یەکـێکە لە هونەرەکـانی جوانکاری واتای، بریتیە لە کۆکردنەوەی دوو وشە کە ئەو دوو وشـانە، گەر بـڕوانین بـۆ دژیەك لە ڕووی واتاوە دروست دەبێت وەك ڕەش و سپی یا بەهۆی ئامرازەوە وەك(چووم و نەچـووم)، هەر دەبارەی دژیەك: "تقابل وشەیەکی عەرەبییە و بەواتای بەرامبەر یەکبوونی دوانەیەك، یاخود لە بەرامـبەر دانـان و وەسـتانی دوانەیەك، ئەمە وشـەیەکی گشـتییە، کە واتـای بەرامبەربـوونی دوودژ، یـاخود بەرامـبەر بـوونی دوونـاکۆك"(لهـون قـادر عبـدالرحمن:2014ز:22). (Abdurrahman:2014:22). واتە دژیەك بـریتییە لەهێنـانی دوو ووشـەی دژ بەیەك، یـان ڕوو بەڕووکردنی دوو واتای پێچەوانەی یەك، جا ئەم دژیەك و پێچەوانەیە، دەشێت لە هۆنراوەدا بێت یان لەپەخشان دا.

جۆرەکانی دژیەك: بەپێی ئەو وشانەی کە دژیەك دروست دەکەن دوو جۆر دژیەکی جیاواز هەیە ئەویش:

**أ-دژیەکی فەرهەنگی:** ئەویش وادەبێ ئەو دوو وشەیە کە ناویان دەبرێ و دژیەکیان لێ دەکەوێتەوە لە بارەی ڕەگەزەوە هیچ پەیوەندییان پێکەوە نەبێ هەریەکەیان لە ڕەگەزێکـی سـەربەخۆبێت. یاخود بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین"دژیەك ئەو دژیەکەیە کە دوو وشـەکانی لە فەرهەنگی زمانەوە هەریەکەو ڕەنگێکی سـەربەخۆیان هەیە"(د.ئیـدریس عبـدالله:2011ز:294). (Abdulla2011:294) .

دژیەکی فەرهەنگی بەچەندین جۆر دەردەکەوێت:

**1-دەشێت هەردوو ووشە دژ بەیەکان، (ناو)بن:** صابری دەڵێت:

{ژی حیات و دار و بەرد و خاك و خۆڵ وئاب و نار}

{قودرەتی ئەو خەڵق ومەحوی گشت ئەكا لیل و نهار}د(41)

لەم دێرەدا شاعیر دوو وشەی(ئاب)و(نار)ی هەروەها دوو وشـەی(لیل)و(نهار)ی هێنـاوەتەوە کە دژیەکی فەرهەنگین و ناون.

## 2-دەشێت ووشە دژ یەکەکان دوو(ئاوەڵناو)بن:

{دەمێ روحم کە شیرین بوو لەمەولا}{مەسـەلمێنە لە دڵ بگرم قسـەی تاڵ}د(132)

لەم هۆنراوەیەدا شاعیر هەردوو وشەی (شیرین)و (تاڵ)ی هێناوەتەوە کە دژو پێچەوانەی یەکن و دژیەکی فەرهەنگین، هەردووکیان ئاوەڵناون.

## 3-دەشێت ووشە دژیەکەکان دوو(کردار)بن:

{ئەسڵ و نەسلی خۆت بزانە هاتوو وچونت تێبگە}{بابە گەورەت حەزرەتی ئادەم (صفی) داکت حەوا}د(53)

لێرەدا شاعیر دوو کرداری هێناوەتەوە(هاتوو)و(چون)، کە دژیەکی فەرهەنگین وکردارن.

**4-یان وا دەبێ هەردوو دژیەکەکان(جێناو)بن:** شـاعیرمان چەنـد جێنـاوێکی بەکارهێناوە وەك دژیەك لەوانە:.

**أ-جێناوی سەربەخۆی تاك:** صابری دەڵێت:

{من سائیل و موحتاجم و تۆش شاە و ئەمیری}{خێرێکە بە تەقلیدی ئیمامانی لە مەو پێش}د(106)

لێرەدا صابری جێناوی سـەربەخۆی هێناوەتەوە (مـن)و (تـۆ) کە هەردووکیـان دژیەکـن و دژیەکـی فەرهەنگین، چێناویشن.

## ب-جێناوی سەربەخۆی کۆ:

{(ضعف)ی قەلبی ئێمە دەرمانی بە لوقمان ناکرێ}{چونکە موشـتاقی گوڵ و گەڵزاری حوسـنی ئێوەیە}د(170)

لێرەدا صابری جێناوی سـەربەخۆی هێناوەتەوە(ئێمە)و (ئێوە) کە هەردووکیان دژیەکن و دژیەکـی فەرهەنگین، جێناویشن.

## ج-جێناوی لکاو:

{وتم: تا کەی بە چاوی سوورەوە هەر ئینتیزارت بم}

{وتی: شیوەنکە تا رۆژێ لە کونجی سینە جان دەربێ}د(213)

لێـرەدا صـابری جێنـاوی لکـاوی هێنـاوەتەوە (م)و (ی) کە هەردووکیـان دژیەکـن و دژیەکـی فەرهەنگین، چێناویشن.

**5-یان وا دەبێ هەردوو دژیەکەکان (ئاوەلکردار)بن:** شاعیرمان چەند ئاوەلکردارێکی بەکار هێناوە وەك :.

**أ- ئاوەلکرداری کاتی:** وەك: لەم دێرەدا.

{پایزی پیری پەیابوو نەوجوانیمان نەما}{نەوبەهاری عەیش و نۆش وکامەرانیمان نەما} د(51)

لێرەدا چەند ووشەیەکی کاتی بەکارهێناوە هێناوە وەك (پایزی و نەوبەهاری)و (پیری ونەوجوانی) کە دژیەکی فەرهەنگین و ئاوەلکرداری کاتین.

**ب- ئاوەلکرداری شوێن):** وەك: لەم دێرەدا.

{ئەی بە نووری حوسنی پاکت شەرق و غەرب و بەحر و بەڕ}

{روون و داگیرساوە ئەرز و ئاسمان وشك و تەڕ}د(89)

لێرەدا چەند ووشەیەکی شوێنی بەکارهێناوە هێناوە وەك (شەرق و غەرب)و (بەحرو بەڕ)و (ئەرزو ئاسمان) کە دژیەکی فەرهەنگین و ئاوەلکرداری شوێنن.

**ب-دژیەکی نافەرهەنگی:** ئەم دژیەکە"بریتییە لە بوونی دوو وشە بەیەك دژ و پێچەوانانەی کە لە فەرهەنگی زماندا هەریەکیان ڕیشەو بنجێکی ڕەسەن وسەربەخۆی نییە، پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی دروستکراوە، بەڵام وشەی دووەم لەسەر بنەمای پێچەوانەیی بۆ وشەی یەکەم دروست دەبێت بەواتا وشەی دووەم هەمیشە دەبێتە نەرێنی وشەی یەکەم، بۆیە بەم جۆرە دژیەکە دەگوترێ دژیەکی نافەرهەنگی"(د.ئیدریس عەبدوڵلا:2003ز:88)(Abdulla2003:88).واتە"لێرەدا وشەکان هەریەکن بەڵام ئەوەندە هەیە یەکێکیان ئەوزاری نەرێی هاتووەتەسەر"(د.محەمەد نوری عارف:2007ز:479).( Arif ,Dr: mohammad:2007:479) ئیتر دژیەکی نافەرهەنگی، بریتییە لە بوونی دوو ووشەی(دژیەك)، پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی دروست کراوی. لەسەر بنەمای ئەرێ ونەرێی دوو وشەکانە وەك{پاك وناپاك}،{بخۆو مەخۆ}، کەوەك ئەوەی سەرنجمان ڕادەکێشێ، هەموو دوو ووشە دژیەکەکان بنچینەکانیان هەریەکە، بەڵام پاشگرو پێشگرەکانیان کە بەمەبەست نووسەر بۆیان زیاد دەکات، ئەوان واتاکان هەڵدەگەڕێننەوە، دژو پێچەوانە بە یەکیان دەکەن.

**دژیەکی نافەرهەنگی بەچەندین جۆر دەردەکەوێت:**

**1-دەشێت دوو ووشە دژیەکەکان نافەرهەنگی(ناو)بن:**

{حەق وتن قانون نییە ناحەق وتن بێ شەرعییە}{شەققی شەق(صادق)و(کاژب)نزیکی شەق ئەکا}د(57)

هەردوو ووشەی(حەق)و(ناحەق) لە نیوە دێری یەکەم دوو ناوی واتایین، یەکەمیان ئەرێ، دووەمیان نەرێی یەکەمیانە، بەمەش دژیەکێکی نافەرهەنگییان دروست کردووە. دەنا لە بنجدا هەردووکیان هەر لەسەر بنەمای ووشەکە دروستکراون.

**2-دەشێت ووشە دژیەکەکان نافەرهەنگی(راناو)بن:**

{یارەکەم مەیلی رەفیقی ناکەس و ئەغیار ئەکا}{ئەی دریغا ئارەزوو ناکا ببێتە یاری کەس} د(101)

دوو ووشـــەکانی(ناکەس)و(کەس) لەم دێـــڕەدا، وەك دوو ڕانـــاوی نادیـــار هـــاتوون(کەس)ئەرێ یەو،(ناکەس)یش نەرێیتی، بەوەش (دژیەکی نافەرهەنگییان) دروستکردووە.

## 3-دەشێ ووشە دژیەکەکان نافەرهەنگی(ئاوەڵناو)بن.وەك:

{کردەوەی ناپوختە گشتی بۆ تەماعی پوختەیە}{رۆژ ژیانت خوی حەیوان شەو بە خەوتن وەك جەماد}د(83)

هەردوو ووشـــەی(ناپوختە)و(پوختە). هێنـــاوەتەوە کە دژو پـــێچەوانەی یەکـــن و دژیەکـــی نافەرهەنگین و ئاوەڵناون.

## 4-دەشێت ووشە دژیەکەکان نافەرهەنگی دوو(چاوگ) بن:

{وەکو دونیا غەم و ئازارە چ بوون و چ نەبوون}{مار هەر ماری زەهرداره چ کوتا و چ دراز}د(91)

لێرەدا دوو چاوگی بەکارهێناوە کە(بوون)و (نەبوون)یە دژیەکی فەرهەنگین و چاوگن.

**5-دەشێ وشە دژیەکەکان دوو(فرمان)بن:** ئەمەش بەچەند شێوەیەك دێت، وەکو{نـا، نە، مە}، تـایبەتە بەفرمـانی ڕانەبـردووی دارشـتن و دەمەکـانی فرمـانی ڕانەبـردووی هەواڵی ودارشتنی.

## أ-دەشێ فرمـانی دووەم، کە نەرێـی فرمـانی یەکەمە لەرسـتەدا بە(نا) نەرێ کرابێ:

ئەمەش تایبەتە بەفرمانی ڕانەبردووی هەواڵی، لەو بـارەدا (نـا)ی نەرێ یەکە، شـوێنی(دە)ی نیشانەی فرمانە ڕانەبردووەکە دەگرێتەوە، وەك:

{تەواو نابێ وەلێ با موختەسەر بێ}{رەوشتی چاك و پاکە کەتمی ئەسرار}د(88)

لێرەدا شاعیر دوو وشـەی (نابێ)و (بێ)ی هێنـاوەتەوە کە هەردووکیـان دژیەکـن بەڵام دژیەکـی نافەرهەنگی چونکە ڕەگ و ڕیشـەی دوو وشـە کە یەك وشـەیە بەڵام بەهـۆی (نـا) بـووەتە دژو پێچەوانەی یەکتر.

## ب-دەشێ فرمانی دووەم کە نەرێی فرمانی یەکەمە، لەدێرەکەدا بە(نە)ی نەرێ کرابێ:

ئەمەش تـایبەتە بەفرمـانی ڕانە بـردووی دارشـتن ودەمەکـانی فرمـانی ڕانەبـردووی هەواڵـی ودارشتنی.. لەم دێرەدا بە(نە)ی نەرێ کراوە،

{وتم کەی دێی و فەرمووت یا نسیب خۆ هەر بە ئومێدم}

{فیدای هات و نەهاتی سوبح و شام و یا نەسیبت بم}د(138)

لەم هۆنراوەیەدا صابری هەردوو کاری(هات)و (نەهات)ی هێناوەتەوە کە دژو پێچەوانەی یەکن و دژیەکی فەرهەنگین و، باس لەوە دەکات کە دەڵێ بە نالی بڵـێن، بـا خـۆی مانـدوو نەکـات وەك من، ژیانی خۆیی بە هەدەر نەدا، من کردم و ئەو با نەی یکا.

## ج-دەشـــــێ فرمــــانی دووەم کە نەرێـــــی فرمـــــانی یەکەمە، یە(مە)نەرێ کرابێ، ئەمەش تایبەتە بەفرمانی داخوازی:.

{ تا لە سەرفی ڕوحی وەك پەروانە بێ پەروا نەبێ } { سادقی مەڕوانە جێی پروا نیە تەن پەروەرە }د(162)

هەردوو وشـەی(مەڕوانە)و(پروانە)دووفرمانی داخـوازین، یەککەمیـان نەرێـی دووەم یـان کـراوە، لێرەدا{دژیەکی نافەرهەنگی}یان دروستکردووە.

<u>دووەم/تیلنیشـــان:</u> بـریتییە لە ئامـاژە دانـی شـاعیر، بەئـایەتێکی قورئـانی پیـرۆز، یـان فەرموودەیەکی پێغەمبەر یان پەندێکی پێشـینان یـان بەسـەرهاتێك، یـان ڕووداوێکـی مێژوویـی گرنگ، یان داسـتان وبەسەرهات وهەرشتێکی تری هاوشـێوە، بـێ ئەوەی ئامـاژە بـۆ بـابەتە کە بکات و لە سەری بدوێ و بە درێژی باسـی بکات، بەڵکوتەنها هەر بە ئاماژەیەك بەسەریاندا تێ دە پەڕێـت. واتە تیلنیشـان بـریتییە لە ئامـاژەدانی شـاعیر، بەئـایەتێکی قورئـانی پیـرۆز، یـان فەرموودەیەکی پێغەمبەر یان پەندێکی پێشـینان و ڕووداوێکـی مێژوویـی گرنـگ، یـان داسـتان و بەسـەرهات و هەر شـتێکی تری هاوشـێوە، بەڵام بـێ ئەوەی کە ئامـاژە بـۆ شـتەکە بکـات و لە سـەری بووەسـتێ و بە درێژی باسـی بکات، بەڵکو هەر بە ئاماژە یەکی خێـرا بەسـەر یانـدا تـێ دەپەڕێت. ئەمیش چەندین جۆری لێ دەردەکەوێت:

## 1- تێلنیشان بۆ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز:

(سەرپرینی نەفسی"أمارە"جیهادی ئەکبەرە } { شێرە تەقوا نەفسە رێوی"صابری" رۆژی جیهاد)د(80)

لێرەدا هاوار بۆ سەرپرینی نەفس دەکات و پیێ وایە کە ئەمە گەورەترین جیهادە، دژ بە نەفسـی رێوی، هەر لە دێری دووەم تەقوا تەشـبیهی دەکـات بە شـێر، شـێریش سروشـتێکی سـەیری هەیە، هەر کە تێربوو، هەرگیز بیـر لە پەلامـاردان ناکـاتەوە، و لە توانـایی دایە زاڵ بـێ بە سـەر نەفسی خۆیدا.

## 2- تێلنیشانی ڕووداوێك لە قورئانی پیرۆز تۆمار کراو:

{تا بەکەی قوربان بناڵێنم لە ناو"بیت الحزن"}{بۆنی جامەی تۆ نەهات بۆ نووری چاوان ئەی درێغ}د(121)

لێرەدا (صابری) ئامـاژە بـۆ ئەو ڕووداوە ناخۆشـەی ژیـانی پێغەمـبەری یەعقـوب دەکـات کە چـۆن حەزرەتی یەعقوب کاتێ حەزرەتی یوسفی لێی وون بـوو وازی لە دونیـا هێنـاو مـاڵەکەی خـۆی ناونا(بیت الحزن) واتە ماڵی خەم بەم چەشـنە صابری دەڵێت تا بۆنی جامەی تۆ نەهێت منـیش هەر لە ماڵی خەم(بیت الحزن) دەمینم تاکو ڕووناکی بەگەڕێتەوە بۆ چاوانم.

## 3- تێلنیشان بۆ فەرموودە:

{قودرەتی ئەو بۆ محەمەد مانگی چواردەی کرد دوونیم }

{ قودرەتی ئەو بوو عەساکەی بوو بەمار(موسا)ی کەلیم }د(40)

لێرەدا(صابری) ئامـاژە بـۆ دوو ڕووداوەو دەکـات کە یەکمیـان لە نێـوان خۆشەویسـت و کافرەکـان ڕووی دا، کاتێك کافرەکان ووتیان تا ئەو مانگەشەوە شـەق نەکەیـت پروامـان پـێن ناهێـت بەڵام گەر شـەقیکەیت ئەوکـات بروامـان بە ئـایەنەکەت دەبێـت خـوایەکەت دەپرسـتین. پاشـان

بەفەرمانی خودای مەزن و نەزای خۆشەویست، مانگ بوو بەدوو لەتەوە. کەچی ڕووداوی دووەمیان باس لە موسای پێغەمبەر دەکات، دەڵێت قودرەتی خودای مەزن بوو کە موسای پێغەمبەر توانی لەگەڵ خودای تاك و تەنیا قسە بکات،و دارەکەی دەستیشی بکات بەمار.

## 4- تێلنیشان بۆ ئەفسانەی فۆلکلۆر:

{عومری خدرو موڵکی ئەسکەندەرم گەر دەبوو}{سەرفم دەکرد بە خودا هەمووی لە راهی تۆ}د(155)

لێرەدا (صابری) ئاماژە بۆ ئەو دوو ئەفسانەیە دەکات کە(خدرو ئەسکەندەر)ە، کە چوون بەشوێنی ئاوی ژیان دا دەگەڕان، بێ گومان (خدری زندە) تەمەن درێژبوو بە هۆی ئاوەکەی دۆزێتەوەو لێی خواردەوە، کەچی

(ئەسکەندەر)، چۆن چوو وا گەڕایەوە ئەمە بەپێی بۆچوونی داستانەکە کە دەیگێڕێتەوەو، بەڵام خاوەن مولکدارییەکی زۆر بوو، صابری بە یارەکەی دەڵێت گەر تەمەنی خدرو موڵکی ئەسکەندەرم هەبوایە هەمووی سەرف دەکرت لە پێناوی تۆ.

**سێ بەم/ پێچان وکردنەوە:** ئەوەیە کە"ناوی چەند شتێك بەشوێن یەکەوە بێنی و لە تەنیشت یەکترییان دا بنێین، پاشان ئەو پێچانە بکەیتەوە بەچەند ووشەیەك تر کە پەیوەندییان بە ووشە پێچراوەکانەوە هەبێت، بەبێ ئەوەی ئەوە دیاری بکەی کە بۆکام ووشە دەگەڕێتەوە، چونکە خوێنەر خۆی توانای ئەوەی هەیە هەریەکیان بۆ ئەوە بیباتەوە کە پەیوەندی پێوە هەیە" (عەلائەدین سەجادی:1978ز:104).(Sajadi,1978:104).

## جۆرەکانی پێچان وکردنەوە:

**1-پێچان وکردنەوەی ڕێك:** وا دەبێت کە شاعیر چەند ووشەیەك بێنێ ولە تەنیشت یەکەوە ڕیزیان بکات، ئینجا دووا بە دوای ئەوانەوە چەند ووشەیەکی تر بهێنێت کە هەر یەکیان بۆ یەکێ لە ووشەکانی پێشتر بگەڕێتەوە، ئەویش بەڕێکی، واتە ووشەی یەکەم بۆ یەکەم و وشەی دووەم بۆ دووەم و سێ یەم بۆ سێ یەم....هتد. ئیدی پێچان وکردنەوەی ڕێك، واتە چەند ووشەیەك لەتەنیشت یەك بێنی و بۆ یەك جار بیکەیتەوە، ئەویش بەڕێکی. وەك لەم دێرەدا:

{لەبەر لەیلایە مەجنوونم، لەبەر شیرینە فەرهادم}{مەکن مەنعم لە گریەو شیوەنی سارا کۆساران}د(ل149)

لە نیوەی یەکەمدا ووشەی(لەیلایە مەجنوونم و شیرینە فەرهادم)ی هیناوە لە تەنیشت یەکی پێچاون، ئینجاکە دێت ئەم پێچانە بکاتەوە، هەریەکەو ووشەیەك کە پەیوەندییەکی سروشتی و ژینگەیی بیان بۆ دەهێنێتەوە، ئەوانەش ووشەی(سارا کۆساران)ە کە ووشەی(سارا) بۆ لەیل ومەجنون دەگەڕێتەوە، هەروەها ووشەی(کۆساران)کە بەواتای کۆمەڵە شاخێك دێت بۆ ووشەی (شیرین و فەرهاد) دەگەڕێتەوە، هەردووك پەیوەندییەکی سروشتی لە نێوانیان دا هەیە زۆر بە ڕێکی هاتووە ووشەی یەکەم بۆ یەکەم و دووەمیش بۆ دووەم.

**2-پێچان وکردنەوەی ناڕێك:** وا دەبێت کە شاعیر چەند ووشەیەك بێنێ ولە تەنیشت یەکەوە ڕیزیان بکات، ئینجا دووا بە دوای ئەوانەوە چەند ووشەیەکی تر بهێنێت کە هەر یەکیان بۆ یەکێ لە ووشەکانی پێشتر بگەڕێتەوە، بۆ یەك جار بیکەیتەوە، ئەویش بە ناڕێکی، واتە ووشەی یەکەم بۆ ددوەم و وشەی دووەمیش بۆ یەکەم. وەك لەم دێرەدا:

{"صابری"وەصڵ و فیراق و جەور ولوتف وخار و گوڵ}{تۆ هەموو یەکسان بزانە جەور و ئازاری"لژێژ"}د(85)

لێرەدا شاعیر هاتووە ووشەکانی(وەصڵ و فیراق)ی بە یەکەوە پێچاون و پاشان دووجار کردوویەتێوە، هەردوو چارەکەش بەناڕێکی کردۆتێوە بە ووشەکانی(جەور ولوتف)ە هەروەها(خار و گوڵ)، بێ گومان ووشەی(وەصڵ و فیراق)، پێچەوانەی یەکن و هاتووە بە چوار ووشەی پێچەوانی یەکتر کردۆتێوە،کە ووشەی(جەور ولوتف وخار و گوڵ)، کە بە نارێکین، چونکە وشەی(جەور وخار)، ناخۆشن دەتوانین بەڵێن پەیوەندی بەدووەمەوە هەیە کە(فیراق)ە، هەروەها وشەکانی(لوتف وگوڵ)،کە لە دڵی مرۆڤ خۆشە پەیوەندی بەووشەی(وصڵ)ە، لێرەدا بە ناڕێکی هاتووە ووشەی یەکەم بۆ دووەم و دووەمیش بۆ یەکەم.

**<u>3-پێچان وکردنەوەی زۆر:</u>** دەشێت شاعیر یان نووسەر چەند ووشەیەك لەتەك یەك بهێنێ وزیاتر لەدووجار بیکاتەوە،جا کردنەوەکان بە ڕێکی بن یان بە ناڕێکی بێ.

{لەحاڵی من دەپرسی بۆچ وا غەمگین و شادمانم}{دەمێ حازر دەمێ غائب دەمێ نزیك دەمێ دووری}د(284)

صابری دوو ووشەی هێناوە کە(غەمگین و شادمان)ە، پێچایەتی بەیەکەوە پاشان دووجار کردۆتەوە، هەردووجارەکەش بە نارێکی کردۆتێوە، یەکەم جاری بە ووشەکانی(حازرو غائب) کردۆتێوە کە بە ناڕێکییە، چونکە ووشەی (حازر) پەیوەندی ووشەی(شادومانی)یەو ووشەی(غائب)یش پەیوەندی بە(غەمگینەوە)یە، هەروەها بۆ جاری دووەمیش هەر بە ناڕێکی کردۆتێوە، چونکە ووشەی (نزیك)پەیوەندی بە ووشەی(شادمانی)یەو وە ووشەی(دوور)یش پەیوەندی بە(غەمگین)ەوەیە، بۆیە لێرەدا دەڵێن لێرەدا صابری پێچان و کردنەوەیەکی زۆری دروست کردووە.

**4-پێچان وکردنەوەی پێچەوانە:** واتەکردنەوەکە لە پێشەوە بیت و پێچەوانەکە لە دوواوە بێت، بەوێنە:

{جەفا و لوتف و هیجرو وەسلی یار و شیوەن و شادی}

{لە لای یەکسان و دڵ وەك خانەیی زەنبوور کون کون بێ}د(199)

صابری لێرەدا هاتووە پێچان و کردنەوەی کردووە بەڵام بە شێوەی پێچەوانە، واتە یەکەم جار کردۆتێوەو پاشان پێچایەتی، ئەمیش کاریکی زۆر بەکەمی شاعیران کردوویانە، واتە بە ووشەکانی(جەفا و لوتف و هیجرو وەسلی) کردۆتێوەو پاشان پێچانی هێناوە بە ووشەی (شیوەن و شادی)، پێچان و کردنەوەکەش ڕێکە چونکە ووشەی (شیوەن) پەیوەندی بە ووشە کانی(جەفا و هیجر)ە و هەروەها ووشەی(شادی)، پەیوەندی بە ووشەکانی(لوتف و وەسلی یار)ە،

**<u>جوارەم/زیادەڕەویی:</u>** لە هۆنراوەدا گەیشتن بەپلەی نائاسایی لە وەصفکردنی هەر دیاریدەیەکدا دەبێتە مایەی جوان بەخشین و بە پیزبوونی ئەو هۆنراوەیە، ئەوەش بە بەکارهێنانی هونەری زیادەڕەوی دەبێ، بلیمەتیی شاعیر لەوەدایە کە تاچ ڕادەیەك زیادەڕەوی کردووە، بۆ ئەم جۆرە هونەرەش (احمد الهاشمی) لەم بارەیەوە دەڵێت"ئەویە کە قسەکەر لە وەسف کردنی شتێکدا بگاتە پلەیەکی مەحاڵ، لەکزی یالەبەهێزی دا"(أحمدالهاشمی:2002م:247).(AL hashemi:2002:247). هەر دەربارەی زیادە ڕەویی مامۆستا سوجادی دەڵێت"زیادە ڕەویی ئەوەیە کە سیفەتێك بۆ شتێك بووترێ، پێچەوانەی ڕاستی بێ،

بەڵام ئەبـێ نەختێکـیش بەڕێ و جـێ بـێ، لەوانە نەبـێ کەبەتەواوی درۆبـێ"(عەلائەدیـن سوجادی:1971ز:175).(Sajadi,1971:175). بۆوێنە:

{هەناسەی من ئەگاتە خەرمەنی رووت}{ئەگەر چی خۆر لە رووتا خۆشە چینە}د(183)

لەم دێرەدا صابری باسی جـوانی خۆشەویسـت کـردووە، بەڵام کـاتی دەیەوێـت وەسـفی ئەو جوانی یە بکات، هەر لەوکاتەدا باسی خەیاڵ و دڵی خۆی دەکات و کاریگەرییان لە سەری، ئـا لێرەدا ئەم زیادەڕەویی درووسـت کردووەو دەڵێت:( ئەگەر چی خـۆر بەو هەمـوو هێـزو تیشـك و توانایەی خۆی لە ئاستی شەوق و رووناکی رووی یار تەنها خۆشە چینێکە، واتە شـەوقی خـۆر بە هیچ شێوەیەك ناگات بە ئاستی شەوقی یار ) بەمەش هونەری(زیادەڕەویی) بەرهەمهاتووە.

**<u>پێنچەم/جێگـۆڕین:</u>** ئەویـش بـریتییە لە هێنـانی دوو ووشــە، یـان دوو دەسـتەواژە، بەو مەرچەی کە دواتر دووبارە یان دەکەنەوەو پاش و پێش و جێگۆڕکێیان پێ بکەن. شـاعیرانیش لە شـیعرەکانیاندا جێگـۆڕکێ بە وشــە یـاخو بە دەسـتە واژەیەك دەکەن، ئەمەش لە چـوار چێـوەی دێرێك، یا نیوە دێرێك دەبێت، بە شێوەیەکی وەها چێژ بەخش بێت خوێنەر جوانیەکی لـێ بەدی بکات ئەمەش بەپێی ئەرکی وشەکان لە دێرە شیعر.

**<u>ئەم هونەرەش زیاتر لە جۆرێکی هەیە.</u>**

**<u>یەکەم: جێگــۆڕینی دوو ووشـــە کە هەردووکیان(نـــاو):</u>** لەم دێـرەش بەجوانی دەردەکەوێت کە.

{شەو لەبەر چەژنی ویساڵ و ڕۆژ لە ئازاری فیراق}{خودا بۆخۆراکم بنیەوەڵڵاهی یارم ڕۆژ وشەو}

لەنیوە دێری یەکەمـدا کە لەدوو ووشەی(شـەو و رۆژ). هـاتووە پاشـان لە نیـوە دێـری دووەمـدا جێگـۆڕکێی پێکـراوەو بە(رۆژ و شـەو) پێکهـاتووە. هەردووکیـان نـاوی واتـایین و، لەهەمـان دێـردا، هەڵیگەڕاندوونەتەوەو، واتە:جێگۆڕینی بە ناوەکان کردووە.

**<u>دووەم:جێگــۆڕین بە دوو ووشــــە، یەکیان(نـــاو)و ئــوەی تـــریش (ئاوەڵناو)بێت:</u>** لەم دێرەش بەجوانی دەردەکەوێت کە.

{دائما کونجی دەروونم پڕ لە خاری بێ گوڵە}{قەت بە دەستی خۆمەوە نەمدی گوڵی بێ خار و خەس}د(101)

لەم دێرەدا(جێگـۆڕکێن)، کە لەدوو ووشـــەی کـراوەو کە جــاری نــاوەو جــارێکیش ئاوەڵنــاوە ووشــەکانیش(خار و گـوڵ)ن، جـاری یەکەم، (خـار) لە پێش(گـوڵ) هـاتووە، بەڵام جـاری دووەم جێگۆڕییان پێکراوە، ئەمجارەیان (گـوڵ) لە پێش(خـار) هـاتووە. ووشــەکان یەکیـان کە(خـار)ە واتە ناوەو واتای (درك)ە ئەوەی تریش ووشەی(گوڵ)ە بەڵام لێرەدا شاعیر مەبەستی گوڵی راسـتە قینە نییە بەڵکو خوازەیە بۆ یار بۆیە مەبەسـت لەم گـوڵە کە یـارە دەبێـتە ئاوەڵنـاو، واتە یەکیـان ناوەو ئەوەی تر ئاوەڵنـاوە، لە هەمـان دێـردا، هەڵیگەڕانـدوونەتەوەو، واتە:جێگـۆڕینی بە ناوەکـان کردووە.

**<u>شەشەم/جوانی باس:</u>** مەبەست لەم هونەرە، ئەو هۆیەیە کە شاعیر بـۆ ڕوودان و ڕوونەدانی کارێ لە کارەکـان، یـان دیاریـدەیێی لە دیمەنەکـانی دادەنـێ، بەڵام ئەو هـۆیە هـۆی دروستی کارو دیاریدە کە نییە کە داوێتە پاڵیان، بەڵکـو بـۆ ناسـکی دەربـڕین و جـوانی شـێوازی ئەدەبـی پەنـای بـۆ بردووە،"سـەرچاوەکەی سـۆزو ئەندێشـەیە، مەبەسـت لێـی دروسـتکردنی کــاریگەری بە ســـەرو ویـــژدان و خۆشــــی خســــتنە نێــو دڵـــی بیـــنەرەوە"(مەلاعبــدالکریمی

مدرس:1991ز:16) ((Mudaris:1991:16. هەروەها جوانی بایس"لەو هونەرە جواکارییانەیە، کە لێکدانەوەی ئەدەبی و شاعیرانە بۆ هۆکارەکان دەکات و دەبێتە هۆی خەیاڵ فراوانی و شیعرییەت چڕ دەکاتەوە، بەمەش دەقی ئەدەبی ناسك و جوان و چێژ بەخش بەرهەم دەهێنێت"(مەریوان حسین فرحان:2015ز:148). (Farhan:2015:148) صابری بەجوانترین شێوە هونەری (جوانی بایس)ی بەکارهێناوە، کاتێ شاعیر هۆیەکی ئەدەبی جوانی لە جێگای هۆیە ڕاستەقینەکی خۆی داناوەو ئەویش کاتێ دەڵێت:.

{خۆر ڕەنگی نییە عاجزو داماوە لە کێوا}{ئەڵبەت قەمەری ڕوومەتی تۆی دیوە لە شێوا}

{لا سوورە مەگەر ڕوومەتی تۆی دیوە لە شەرما}{ڕوو زەردە وەلێ ناسك و نایابە لە سێوا}د(50)

لێرەدا صابری ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ، هەر کاتێ خۆر ڕوومەتی تۆ دەبینێ ڕەنگی زەرد بینی بووە هۆی ئەوەی رەنگی نەمینێ و خەم دایدەگرێ خەفت بارو مەلوولە، هەروەها ڕەنگی دەگۆڕێ وسوور هەڵدەگەڕێ، ڕووی زەردی یاریشی چواندووە بە سێو، بێ گومان ئەمە زیادە ڕۆیی و پڕ لە ئەندێشەی شاعیرانەیە چونکە وەك دەزانین ئەمە ڕوودواوە کە بەسەر ئێواران بەسەر خۆر دێت ڕوو داوێکی سروشتی یە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە خۆشەویستەوە نییە، کەچی شاعیر وەك هونەرێکی جوانکاری بەکاری هێناوەو ڕوودواوە سروشتێکەی داوەتە پاڵ دەرکەوتنی یارو دەڵێت خۆر کەوتە شەرم بێ گومان خۆر مرۆڤ نییە تاکو شەرم دایگرێ ئەمە وەك ئاماژەمان پێی کرد تەنها درووستکردنێکی لێهاتووی شاعیرە لە هونەری جوانی بایس.

**<u>جەوتەم/پۆشین:</u>** ئەم هونەرە بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان دوو شت، یەکیان واتایەکی دووری هەبێ و ئەوەی تریان واتایەکی نزیکی هەبێ، بەڵام لە دەقە کە مەبەست و واتا دوورەکەبێ، وە پۆشین واتە بریتییە لەوەی ووشەکە بەدوو واتا بێت، و دەتەوێت لەیەکێکیان واتایەك وەربگریت، بەڵام واتایەکی تری پۆشراوت بۆ دەردەکەوێت"(أسامەبن منقذ:بدون سنە طبع:60).(Munqadh:60). ئیتر بەڕای عبدالقادر حوسێنیش:"پۆشین بریتییە لەوەی وشەیەك لەوانەیە دوو واتای هەبێ، قسەکەریش یەکێکی لەو دوو واتایانە بەکاربێنێ، و ئەوەی تریش پەراوێز بکات، مەبەستیشی لەپەراوێز کراوەبێت نەوەك لەووشە بەکاریهێنراوەکە بێت"(عبدالقادرحسین:1983م:66).(Hussein:1983:66). واتە پۆشین: ئەوەیە کە شاعیر ووشەیەك بێنێت، و ئەو وشەیە دوو واتا بگەێنێت کە دەڵێن دوور، مەبەست ئەوەیە مرۆڤ درەنگ بۆی بچێ، کەمێ لێکدانەوەی پێ دەوێ. بەڵام کە دەڵێن:واتایەکی نزیك مەبەستمان ئەوەیە، کە گوێگر یان خوێنەر هەر زوو بۆی دەچێ ووەری دەگرێ، جا مەرچە لە (پۆشین) کە نووسەر مەبەستی بەم ووشە جووت واتایە، واتا دوورەکە بێت. بێ گومان ئەم واتا دوورەش وەنەبێ لە مرۆڤی زیرەك وون بێت، بەڵکو هەر ئەوەندەیە کە سەر لە پیاوی کەم بین دەشێوێنێ و نەزاکەتێکی تری لێ پەیدا دەکات. پۆشینیش چەند جۆرێکی لێی بە دەردەکەوێت لەوانە:

**<u>1-پۆشینی ڕووت:</u>** بریتییە لە بە تەنیا هاتنی ئەو ووشەیەی کە (پۆشین)ە کەی لێ دروست دەبێت، بەو شێوەیەی کە هیچ هێماو ئاماژەیەکی لەتەك نەهاتبێت، ئەوە بخاتەڕوو مەبەست واتا نزیکەکەیە، یان دوورەکە. بۆ نموونە صابری دەڵێت:

{کلیلی (صابری) قاپی هەموو مەقسودی هەڵدەگرێ}{(بحمدألله) بەدەس گرتوومە ڕەنجی خۆم بەبا نادەم}د(141)

لەم دێڕەدا، هونەری پۆشین کەوتووەتەوەو پۆشینەکەش لەوشەی(کلیلی)دایە، کە واتا نزیکەکەی مەبەستی کلیلی ئاساییە، واتا دوورەکەش مەبەستی لەکەسایەتی ورەوشتی بیروبراوای خۆیەتی کەبەرنامەی ژیانی تایبەتی و بیرو باوەری خۆیەتی.

**2-پۆشینی باڵاو:** بریتییە لەو پۆشینەی کە لەتەك ئەو ووشەیەی (پۆشین)ەکەی لێ دروست دەبێت، ووشەی یەکی تر هاتبێ وای دەربخات کە هێمایە بۆ واتا نزیکەکە، ئەمەشیان هەر بۆ ئەوەیە تا زیاتر بیرو هۆشی گوێگر بۆلای واتا نزیکە نا مەبەستەکە بچێت و، بیرو هۆشی لە واتا دوورە مەبەستەکە دوور بکەوێتەوە. بۆ وێنە:

{ئەزانی باعیسی شەو تاو لەرزم}{بە تا تای زولف و چاوانی گەلاوێژ}د(97)

لەم دێڕەدا، هونەری پۆشین کەوتووەتەوەو پۆشینەکەش لە وشەی(گەلاوێژ)دایە، کەواتا نزیکەکەی مەبەستی چاوە، بەڵام واتادوورەکەش مەبەستی لەناوی کچەکەیە. گەلاوێژ-نزیك-چاوی وەك گەلاوێژ.-گەلاوێژ-دوور-ناوی کچێکە بەناوی گەلاوێژ.

**هەشتەم/بەرامبەری:** ئەم هونەرە بە ڕای نووسەران بە چەندین شێوە باس کراوە لەوانە:"ئەم جوانکارییە لە ڕاستی دا لە بوونی چوار ووشە یا زیاترە لە ڕستەدا پێك دێ کە دوو بە دوو دژی یەك بن. جیاوازییەکەش لەگەڵ دژەیەکدا ئەوەیە: لە دژەیەکدا دوو ووشەی دژبەیەك دەبینرێت بەڵام لە بەرانبەریدا لانی کەم دوو دژیەك واتە چوار وشە دەبینرێ کە دوو بە دوو پێکەوە دەژیەکان پێك هێنابێ"(د.سەید ئەحمەد پارسا:1397ه:70).(Parsa:1397h). کەچی بۆ چوونێکی تر هەیە دەڵێت:"شاعیران بۆ ئاڕایشتکردنی شیعرەکانیان پەنای بۆ دەبن، ئەم هونەرە وەك دژیەك وایە، بەڵام ئەوەی (بەرامبەری) لە (دژیەك) جیادەکاتەوە ئەو مەرجەیە، کە پێویستە سەرەتا دوو وشە یان زیاتر لە دوو ووشەبهێنرێتەوەو دواتر دژەکانیان بهێنرێتەوە" (زانا یاسین عبید:2016ز:103). (Obaid:2016:103). بە رامبەریش چەند جۆرێکی لێی بە دەردەکەوێت لەوانە:

**أ-بەرامبەری رێك:** ئەوەیە شاعیر ووشەکانی بەشی دووەم بەڕیزو ڕێکی لە بەرامبەر ووشەکانی بەشی یەکەم دا بهێنێتەوە. بۆ وێنە:

{ئەی قەمەری لەیل و بە رۆژ ئافتاب}{عاشقی رووت بوونە کەتان و کەباب}د(62)

لەنیوە دێری یەکەم دا، وشەی( قەمەری لەیل )و( ڕۆژ ئافتاب )هاتووەو، لە بەرامبەر ئەم دوو ووشەیەدا، لەنیوە دێری دووەمدا (کەتان)و(کەباب)ی بەڕێکی هێناوەتەوە، زۆر بەجوانی بەرامبەری دروست کردووەو، بەمەش هونەری(بەرامبەری ڕێکی) بەرهەم هاتووە.

**ب-بەرامبەری نارێك:** ئەوەیە شاعیر ووشەکانی بەشی دووەم بە ناڕێکی لە بەرامبەر ووشەکانی بەشی یەکەم دا بهێنێتەوە. بۆ نموونە:

{شەو لە بەرعیدی ویساڵ و رۆژ لە ئازاری فیراق}{خوا بو خۆراکم نییە سەبر و قەرارم رۆژ و شەو}د(158)

لەنیوە دێری یەکەم دا، وشەی(ویساڵ) و(فیراق) هاتووەو لە بەرامبەر ئەم دووەەشدا، لەنیوە دێری دووەمدا وشەکانی(رۆژ) و(شەو)ی ئەویش بە ناڕێکی هێناوەتەوە، زۆر بەجوانی بەرامبەری دروست کردووەو، بەمەش هونەری(بەرامبەری ناڕێك) بەرهەم هاتووە.

**نۆیەم/پێکەوەگونجان:** پێکەوە گونجان"بریتییە لەدوو یان چەند وشەی مناسب و نزیك لە مانادا پێکەوە بگوترێ"(موحەمەد سەعید ئیبراهیمی:1985م:71).(Ibrahimi:1985:71) واتە

پێکەوە گونچاندن بریتییە لە نیشاندانی موناسەبەیەکی وەهمی، ئەمەش بریتییە لەوەی چەند ووشەیەك کۆبکاتەوە یەکێ لەو ووشانە دوو واتای ببێ یەکێ لەوانە موناسب بێ بۆ واتای ووشەی پێشووەکان، لەم جوانکارییەدا شاعیر دوو وشە یان دوو دەستەواژە، یان زیاتر کە پەیوەندی نێوانیان لەسەر بنەمای پێکەوەگونجان بێت، لەشیعرەکەیدا دەیهێنێتەوە و دەبێتە هۆی ئارایشت کردنی دێڕە شیعرەکەو بەخشینی جوانیەك بە شیعرەکەدا، لە لایەن نووسەرانی ڕەوانبێژیشەوە بەم شێوەیە باس لەم هونەرە کراوەوەك:"بریتییە لەکۆکردنەوە لە گوفتار نێوان دوو شت بەلام بە بێ دژیەکی"(مصگفى عبدالقادر:2006م:56)(Abdulla Khidir:2006:56). هەروەها"بریتییە لە کۆکردنەوە نێوان دوو فەرمان، یانشتی هاوروو، بە بێ ئەوەی دژیەکی لە نێوانیان دا هەبێت"(علی نایف الشحود:2007م:130).( Al-Shahou:2007:130)هەر دەربارەی ئەم هونەرە"ئەم هونەرە پێی دەووترێت هاوسەنگی و هاوپەیمانی، لێرەدا شاعیر یان نووسەر دووچەند ووشەیەك کۆدەکاتەوە نێوان دوو شت بەمەرجێ بەهیچ شێوەك بۆ دژیەکی ڕێکیانی نەکردبێت"(د.حسن محمد نورالدین:2000م:149). (Noureddine:2000:149). بۆ وێنە:

{لا سوورە مەگەر رووومەتی تۆی دیوە لە شەرما}{روو زەردە وەلێ ناسك و نایابە لە سێوا}د(50)

لەم دێرەدا پێکەوەگونچاندن و تناسب هەیە لە نێوان ووشەکانی(لا سوورەو رووومەت) هەروەها لەگەڵ(روو زەردەو سێوا) چونکە رووومەت بێ گومان زۆر جار لەشەرما سوور هەڵدەگەرێت و هەر هەروەها جارێکیش تر ستایش دەکات و دەڵێت رووت زەردەو لەنێو سێودا نایابە واتە ناگاتە پێی.

**دەیەم/چەختی ستایش لە شێوەی لۆمە:** ئەمەش لێرەدا شاعیر لە سەرەتا، سەرنجی خوێنەر بۆ واتایەك ڕادەکێشێ، جابەستایش بێت یان بەلۆمە بێت، پاشان بە هۆی ئەو ئامرازە جیاکەرەوەی دەیخاتە سەرەتای دووەم، یەکەمجار بەهەڵەی دەبات، وای لێ دەکات چاوەڕوانی ئەوەبێت. کە ئێستا لەڕستەی دووەمدا شتێکی پێچەوانەی ئەوەی یەکەم دەڵێت، بەڵام کە ڕستەکە تەواو دەکات ئینجا خوێنەر تێ دەگات. کە ئەم ڕستەی دووەمیش، هەر بۆچەختکردنەوەو پشتگیری واتای ڕستەی یەکەم هاتووە.

{لە تەعلیمی سواریدا جوان و چاپکی ئەمما}{لغاوی ئەسپی نەفستکە بڵێ تەن پەروەری تاکەی}دص(194)

لێرەدا لە سەرەتادا شاعیر هاتووە ئەرێی ئەوەی کردووە، کە لە تەعلیمی سواریدا جوان و چاپکی، ئەمەش بێ گومان ستایش کردنییەتی، کەچی لە پاشان دا کە ئامەرازی جیاکردنەوەی(ئەمما)ی هێناوە، سەرەتا بیری خوێنەربۆ ئەوەدەبات، کەئێستا یەکێ لە عەیبە خەراپەکانی باس دەکات، کەچی کە ڕستەکەی تەواو دەکات و دەڵێت(لغاوی ئەسپی نەفستکە بڵێ تەن پەروەری)ئینجا خوێنەرتێدەگات، کە لە کۆتایی ڕستەکەش هەر تەنها بۆ ستایش کردنە، بۆیە ئەم ستایشەی بەکارهێناوە وەك چەختکردنی ڕستەی یەکەم بووە.

**یازدەیەم: چەختی لۆمە لە شێوەی ستایش:** ئەم بابەتە سەرەتا لە پەسەندراوادا. نەرێی سیفەتێك دەکرێت، ئینجا بە هۆی یەکێ لە ئامرازەکانی جیا کردنەوە، وەك چەخت کردنوەی واتای ڕستەی یەکەم، لۆمەشی دەکرێت،

{تا بڵێی غەدارە بێ شەرم و ویقار و بێ وەفا}{موختەسەر خۆشە قسەی نا سازە گوفتاری دراز}د(92)

لەم پارچەیەدا، سەرەتا شاعیر نەرێی ئەوە دەکات، کە لە پەسەندراوەدا هیچ سیفەتێکی باشی هەبێت و(غەدارە بێ شەرم و ویقار و بێ وەفا)، بەڵام دواتر کە دەڵێت (موختەسەر خۆشە قسەی). سەرەتا خوێنەر بۆ ئەوە دەبات کە لەوانەیە ئەمجار وەسفێکی باشی بکات،

که چی کەڕستەکەی تەواو دەکات(نا سازە گوفتاری دراز)، ئینجا بۆ خوێنەر دەردەکەوێت، کە ئەم ئەم جارەش هەر لۆمەیەکی تر، دیسانەوە چەختە بۆ لۆمە کەی یەکەم، بەوەش دەگوترێت،{چەختی لۆمە بەوەك ستایش}.

**دوازدەیەم/ ستایش لە شێوەی لۆمە:** ئەو ووتەیە یە کە تیایدا شاعیر سەرەتا لە بەرگی لۆمە کۆمەڵە پەسەندێکی خراپ، بۆ شتێ یان یەکێ ئاڕاستەی دەکات، بەڵام لە پاشان بە شێوەیەکی تر بریار دەدات و دەریدەخات کە ئەو ووتەیەی پێشوی کە لە بەرگی لۆمە دەبینران، نەك بەلایەوەی لۆمە نەبووە. بەڵکو ستایشیش بووە.

{ئەگەر چی من بێ جێ و نزم و غەریبم}{ئەمما جان فیدای خزم و قەریبم}دص(238)

خوێنەر کاتێ نیوە دێڕەی یەکەمی ئەم پارچەیە دەخوێنێتەوە سەرەتا وا هەست دەکات کە شاعیر هاتووە لۆمەی خۆی دەکات0 ئەویش بە کۆمەڵێ سیفات و کردەوەی خراپی کە دەڵێت(من بێ جێ و نزم و غەریبم)، بەڵام بە ئامرازی جیاکرەوەو پاشان بە رستەی(جان فیدای خزم و قەریبم) ئەمجا بۆ خوێنەر دەردەکەوێت کە ستایشی خۆی کردووە، ئەمەش پێی دەووترێت هونەری {ستایشی لە شێوەی لۆمە}.

**سێزدەهەم: لۆمە لە شێوەی ستایش:** بێ گومان ئەم بابەتە پێچەوانەی (ستایش لە شێوەی لۆمە)یە، ئەمیش بریتییە لەو دەربڕینەی کە شاعیر تێی دا سەرەتا بە باشی ستایشی یەکێك، یان شتێك دەکات و پەسەندی دەداتە پاڵی، بەڵام دوواتر دەریدەخات کە لە ووتەکەی مەبەستی لۆمەیە نەك ستایش...

{لەزەتی دەرد و غەمی عەشقت لە شاهی خۆشترە}{چونکە تۆ پێتخۆشە شەو ناڵین و گریانی نەخۆش}دص(108)

لەنیوە دێری یەکەم دا شاعیر هاتووە ڕوو لە یارەکەی دەکات و دەڵێت:(لەزەتی دەرد و غەمی عەشقت لە شاهی خۆشترە)،

واتە ستایش کردنە بۆ خۆشەویستی بەرامبەر یارو هەروەها ستایشی دەکات، بەڵام پاشان خوێنەر لە ڕێی ڕستەی دووەم کە دەڵێت:( چونکە تۆ پێتخۆشە شەو ناڵین و گریانی نەخۆش)، بۆی دەردەکەوێت، کە لۆمەی کردووە.چونکە خەراپیە کانی دێنێتە بەر چاو، ئەوش لە ڕەوانبێژی دا(لۆمە لە شێوەی ستایش )ی پێ دەڵێن.

**چواردەیەم/کۆکردنەوە:** بریتییە لە"چەند شتێك لەژێر یەك حوکمدا کۆبکەیتەوە"(موحسین ئەحمەد مصگفی گەردی:2013ز.339). (Gardy:2013:339) هەروەها کۆکردنەوە واتە"ئەوەیە کە قسەکەر چەند شتێك لەژێر یەك فەرماندا کۆبکاتەوە" (أحمدالهاشمی:2002م:324). (ALhashemi:2002:324). ئیتر کۆکردنەوە بە واتای ئەوەش دێت"بریتییە لەکۆکردنەوەی نێوان دوو شتی جیاواز یان زیاتر لەژێر فەرمانی یەك شتدا" (د.بسیونی عبد الفتاح فیود:2010م:219). (Feod:2010:219) لێرەدا شاعیر دەڵێت:

{دەردێ کە نیشانەی ئەجەلی پێوە چ جێگەی}{تەرکیبی معاجینو شەرابو گوڵو قەندە}د(185)

لە نیوەی دێرەی دووەمدا، شاعیر دەبێژێ(تەرکیبی معاجینو شەرابو گوڵو قەندە)، واتە: بە چوار شت کە بریتین لە(معاجین)و (شەراب)و (گوڵ)و (قەندە)پێکەوە لەژێر بریاری (دەردێ کە نیشانەی ئەجەلی پێوە چ جێگەی، تەرکیبی)دا کۆکراونەتەوە و شاعیریش پێی وایە ئەو چوار شتە(معاجینو شەرابو گوڵو قەندە)یەکیان بۆ سازکردووە، کە پێکەوەش ناتوانن بەتەواوی

وەصــفی خۆشەویســتی ئەکەن، ئیتــر چــۆن و مەحــاڵە صــابریش بە ئاســانی وەصــفی خۆشەویستی بکات ، بەمەش هونەرێکی (کۆکردنەوە)ی جوانی دروست کردووە.

**پازدەیەم/ڕوونکردنەوە:** ئەم هونەرە بریتییە لە تەفسیر یان ڕوونکردنەوە یا ڕاڤە کردن واتە:"ئەوەیە شاعیر بەکورتی باس لەشتێك بکات، ئینجا بۆ گەیشتن بە چەمکی سەر بەخۆی مەبەست، درێژە بە ڕۆنکردنەوەی بدات لەهەمان دێڕدا یان لەدێڕی دوایی"(موحسین ئەحمەد مصـگفی گەردی:2013ز:348). (Gardy:2013:348) ئیتــر ڕوونکــردنەوەو ڕاڤەکردن"تەفســیرکردنی هەندێ ووشــەو دەســتەواژەو دەربــڕینە، دوای ئەوەی نووســەر، یــان شــاعیر، هەســت دەکــا پیویستییان بە تیشکخستنە سەرو ڕوونکردنەوە هەیە، بۆیە لەدوای هێنانیان، بەوشـەیەك یـان بەگرێێك، یان ڕستەیەك یان زیاتر ڕوونیان دەکاتەوە"(د.ئیدریس عەبدوڵڵا:2018ز:64) ( :Abdulla2018 64). وەك لەم دێڕەدا:

{خۆر رەنگی نییە عاجز و داماوە لە کێوا}{ئەڵبەت قەمەری روومەتی تۆی دیوە لە شێوا}د(50)

لەم دێڕەدا، صابری دەیەوێ بایەخی ئەو رووەمەتە ڕوونبکاتەوە کە یار خاوەنداری دەکات لە دێڕی یەکەمدا هێناویەتەوە و بە شێوەی سەرساميەوە تەفسیری بۆ دەکات، لە نیوە دێڕی یەکەمـدا، دەڵێت:(خۆر رەنگی نییە عاجز و داماوە لە کێوا)، واتە خۆر لە ئاستی یـار ڕەنـگ و رووی نەمـاوە هەروەها داماوە لە پشتی کێودا، پاشان لە نیوە دێڕی دووەمدا روونکردنەوەیەك دەکـات بـۆ ئەم ڕووداوە کاتێ دەڵێت هۆکاری بێ ڕەنگی و داماوەیی بە(ئەڵبەت قەمەری رووەمەتی تۆی دیوە لە شێوا) دەست نیشان دەکات، بەمەش هونەری(ڕوونکردنەوە یان ڕاڤە) بەرهەم هاتووە.

**شازدەیەم /گێـڕانەوەی گفتوگـۆ:** ئەم هـونەرە"ئەوەیە قسـەکەر گفـت وگـۆیێکی نێـوان خـۆی و یەکێکـی دیـکە بەکـورترین دەربـڕین وکەمتـرین ووشــە بگێـڕێتەوە"(د.ئیـدریس عەبدوڵڵا:2011ز:366)(Abdulla2011:366) یان دەتوانین بەڵێن"ئەوەیە قسەکەر گفتوگۆیەکی نێـوان خۆی و خەڵکی تر، یان نێوان دوو کەسی تر، بە کورترین دەربڕین و ناسکترین وئاسانترین ووشـە بگێـڕێتەوە، ئەمەی بخـاتە سـنووری تاکەدێڕێـك، یـان چەنـددێڕێك، یـان یەك ڕسـتەوە"(د.احمـد مگلوب:1980م:300)(Muttab-Al:1980:300) بۆ وێنە:

{ڕۆژێ وتم ئەی غونچە لەب مەقسوودی دڵ کەی دێتەجێ}

{فەرمووی مەگەر وەختێ کە خوێناوی سروشکت بێ بە"شگ"}د(117)

لەم دێرەدا گفتوگۆیێکی لە نێوان خـۆی و کەسـێکی تـر کە نـاوی نەهێنـاوەو، بەڵام ئامـاژەی بـۆ کردووە کە یارەکەیەتی، ناوی نەهێناوە، دەڵێت رۆژی بە یاری ووت مەرامی دڵ کەی دێتە جـێ، ئەویـــش لە وڵام دا پێـــی ووتـــم مەگەر خوێنـــاوی رووحـــت بـــێ بە دەریـــا، بەمەش هونەری(گێرانەوەی گفتوگۆ) درووست بووە.

**حەڤدەیەم/ژماردن:** بریتییە لە وەی نووسەر یان شاعیر بێتوو لە دێرە شیعرێك باس لە چەند ووشـەیەك بکات و بەیەك شێوە بن و، لەسەر یەك یەکە یەکە بییان ژمێرێ، یـان دەتـوانین بەڵـێن نـاوی شــتەکان بێنـێ بەڕێـز لە پـاش یەك ، واتە"کـۆمەڵێ وشــەی ســادە، یـان داڕژاو و لێکدراو، یان کۆمەڵێ گرێ لەسەر یەك ئاوازو بەدوای یەك ڕیـز بکـات، جـا لە پـارچەیەکی تەواو، یـان لە بەشـێکی پـارچە یەکـدا"(د.ئیـدریس عەبـدوڵڵا:2018ز:163).(Abdulla2018:163). وەك لەم دێڕەدا:

{بیستومە زەدەی گورزی دەسی رۆستەمی عەشقت}{بێ باکە لە نێو جن و بەنی ئادەم و دێوا}د(50)

لەنیوە دێری دووەم دا ئەم ووشانە(جن و بەنی ئادەم و دێوا) هەموویانی کۆکردۆتەوەو لەسەر یەك کێشن و لە دوای یەك ڕیزکراون.

**هەژدەیەم/خۆلۆمەکردن:** شاعیر بەشێوازیکی هونەری دانسقە، تێدا دان بە ڕفتارە هەڵەکانی خۆی دەنێت، وە جۆرێکە هیچ ڕێگایەکی داهێنانی تێدا نییە،و نووسەرانیش زۆر گرنگییان پێی نەداوەو نەیانهێنایەتە ڕیزی ئەم جۆرە پیشە یە، بەم شێوەیە لەسەری دوواون، "لەڕاستیدا ئەم خۆلۆمەکردنە لەڕووی دەروونناسی و رەوشتناسی و کۆمەڵایەتی یەوە، وەك سەرەتای هەوڵێکی چاکسازی لە بواری ڕەوشت و هەڵس وکەوتی کۆمەڵایەتیدا دەبێت چاوی لێ بکرێت، ئەم لۆمەکردنەی خودی شاعیر لەلایەن خۆیەوە وەك هەڵسەنگاندنێکی ژیانی رابوردووی خۆی لێکبدرێتەوە"(جامی:2013: 109)(jami:2013:109). "سیفەتێکە باس لەباری واقعییەت دەکا،و ڕاستگۆیش ئەوەیە نووسەر بێت و ئاخافتن و گوفتارێك ڕێك بخات و تێدا ڕەخنەو لۆمەبەرەو رووی خۆی بکاتەوە بەهۆی کارێکی نابەجێ ئەنجامی دابێت یان تەنها بە بیریا هاتبێت"(د.حسن نورالدین:2000م:155) (Noureddine:2000:155). بۆ وێنە:

{(صابری) تۆ تەسویەی رێی دینی خۆت ناکەی ئەڵێی}{ئەم مەلا و شێخەوا ئەو جاهیل و دەروێشەوا}د(53)

صابری لەم دێڕەدا خۆی لۆمەدەکات بەوەی کە هەموو کارەکانی بە فرت و فێڵ بیری لێی دەکاتەوەو هەموویشی بیرۆکەی شەیتانە، لە هەمان کاتیش ئامۆژگاری خۆی دەکات و دەڵێت:(تۆ هاورێ لە خۆت نادەیتەوە تەنها رەخنە لەم و لەو دەکەی).

**نۆزدەیەم/بادانەوە:** بریتییە لەوەی کە لە پێشدا قسەیەك بکەیت و پاشن دوا بە دوای قسەکردنەکەدا ڕاستەوخۆ نکوولی و لالوتی لە قسەکە بکەیت و شتەکە بەجۆرێکی تر هەڵبگێرێتەوەو لێکی بدرێتەوە، بەڵام بە ڕایەکی تر هەیە"بادانەوە واتە: گەڕانەوە نییە بۆ قسەی پێشوو، بەڵکو گەڕانەوەو نکوولی کردنە، لەقسەی پێشوو"(عەبدول سەلام سالار عەبدولرحمان:2000ز:201) (Abdullrahman:2000:199). واتە:دەتوانین بەڵێن بەکورتی بادانەوە بریتییە لەوەی شاعیر لە پێشدا قسەیەك بکات و فەرمانێك بدات، کە چی ئەوەندەی پێ نەچێت لە قسەکەی پاشگەزە بێتەوەو قسەیەکی تر پێش بکات و لەچێی قسەی پێشووی دابنێت، ئەمش هەمووی بۆ جوان کردن و شەوق پێدان و هێز بەخشەندەی هۆنراوەکەیە. وەك صابری دەڵێت:

{نەوبەهارە مەوسمی پشکەوتنی گوڵ هەتاوە}{ئیعتیباری شیوەن و هاواری بولبول هاتەوە}دص(177)

ئەم دێرە یەکێکە لەو دێرە جوانانەی کە هونەری بادانەوەی تێدایە، صابری لە سەرەتادا لە نیوە دێری یەکەم دا، باس لەجوانی بەهار دەکات و خۆشی پشکەش بە مرۆڤ دەکات، لە وەرزی بەهاردا گوڵەکان غونچە دەکەن و پاشان دەپشکێن، کەچی دواتر لە نیوە دێرە دووەم دا شاعیر نکۆڵی لە قسەکانی دەکات کە وەرزی بەهارە شیوەن و ڕۆرۆ بۆبولبول دەبات.

## بەشی سێ یەم/جوانکاری ئێکەڵ:

**یەکەم/داهێنان:** "بریتییە لەوەی شیعرێك یان ئاخاوتنێك بە گشتی چەند جۆرێکی ڕەوانبێژی تیدابێت، بە واتە ئاخاوتن چەند هونەرێکی جوانی ڕەوانبێژی لەخۆ بگرێت"(د.ئیدریس عەبدوڵلا:2012ز:185).(Abdulla2012:185).

دیارە لێرەدا مەبەست لە وشەی جوانکاری واتای زاراوەیی نییە، بەڵکو واتای ئاخاوتن چەند هونەرێکی جوانی ڕەوانبێژی لەخۆبگرێت. ئەمیش بە چەند شێوەیەك دێت: هەر سێ لە

زانســـتەکانی ڕەوانبێژی(ڕوونبێـــژی، جوانکـــاری، واتاناســـی)، یـــان(ڕوونبێژی، جوانکـــاری)، یان(جوانکـاری، واتاناسـی)،یان(واتاناسـی، ڕوونبێـژی)، یـان تەنها(جوانکـاری) لەخۆبگرێـت: بە حوکمی ئەوەی توێژینەوە کەمـان تەنهـا جوانکـارییە لە هۆنراوەکـانی صـابری دا، بـۆیە وامـان بە باش زانی نموونە تەنها لەم جۆرە شیبکەینەوە. دەنا لە هەموو جۆرەکانی تری هەیە. بۆ وێنە:

{گوڵی حوسـنی کە بنوێنێ بەشـەر ئارامی نامێنێ}{وەکو بولبول ئەناڵێنێ لە شـاخ و دەشـت و باخ و شـاخ}د(77)

لێرەدا (صابری) توانێتی لەم دێرەدا چەندین هونەر لە هونەرەکانی جوانکاری بەکـاربێنێ، لەوانە وەك:

1-لە(ڕەگەزدۆزی): لە نێـوان ووشـــەکانی{باخ و شـــاخ}،ڕەگەزدۆزی نـاتەواوی جـودایە، چـونکە پیتەکانی(ب ، ش)جودان.

2-لە(کەرت کـردن): لە نیـوە دێـڕی یەکەمـی بەهـۆی چـوار سـەرواوە کـردووە بەجـوار کەرتەوە ئەویش بە هۆی سەرواى.{نێ}کە لەوشـەکانی{بنوێنێ، نامێنێ، ئەناڵێنێ }دەردەکەوێت.

3-لە(هێنانەوە): ووشـەی (شـاخ) لە ناوەڕاسـتی نیـوە دێـڕی دووەم هـاتووەو، پاشـان لە کۆتـایی نیوە دێڕی دووەم هاتۆتەوە.

4-لە(دژیەك): لە نێوان ووشـەکانی (شـاخ)،( دەشـت)ی هێناوەتەوە کە دژیەکی فەرهەنگین و لە جۆری ناویشـن.

5-لە(ژمـاردن): لە نیـوە دێـڕی دووەمـدا ئەم ووشانە(شـاخ ودەشـت وبـاخ وشـاخ) هەموویـانی کۆکردۆتەوەو لەسـەر یەك کێشـن و لە دواى یەك ڕیزکراون.

6-لە(متوازی)ئەویش:لەنیـوە دێـڕی یەکەمـدا ئەم ووشـــانە(بنوێنێ)و(نامێنێ). هەردووکیـــانی کۆکردۆتەوەو لەسـەر یەك کێشـن.

## [ئەنجام]

لە کۆتایی دا بەچەند خاڵێك هەوڵ دەدین ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە بخەینەڕوو:-

1- یەکێك لەو بنیاتنانی شـیعری کلاسیکی کوردی، ڕەوانبێژی و هونەرەکـانی بـووە، شـاعیرانی کورد لە شیعرەکانیان بەکاریان هێناوە، بە تایبەتی هونەرە جوانکارییەکان بووە، تیایدا ڕووخسـار و ناوەڕۆکی شـیعرەکانییان ڕێرازاندووەتەوەو بۆیە ناکرێت کار لە شیعری شاعیرانی کورد بکرێت و هونەرە ڕەوانبێژییەکان پەراوێز بکرێت.

2-بەرجەستەبوونی هونەرەکانی ڕەوانبێـژی لە هۆنراوەکانی(صـابری) بـۆتە هـۆی دروسـتبوونی ئـاوازێکی سـەرنج ڕاکـێش، چـونکە جوانکـاری هـونەرێکی بـاڵایەو دەورێکـی بـاش دەگێڕێـت لەڕازاندنەوەی زمان بەگشتی و زمانی ئەدەبیش بە تایبەتی.

3-ئەم هـونەرو لایەنە جوانکاریـانەی لە هۆنراوەکانی(صـابری)دا جـگە لە بەهـرەی شـیعری پێویستی بە ڕۆشـنبیری و شـارەزایی شـاعیر هەیە لەو هـونەرو زانسـتانەدا، ڕادەی ڕۆشـنبیری و(صابری) گەلێ فراوان و بە توانـابووە، بەکارهێنـانی ئەم هـونەرە بەڵـگەیە بـۆ شـارەزابوونی لە زانستەکانی ڕەوانبێژی.

4-صـــابری لە هۆنراوەکـــانی دا زۆر بە ووردی و زیرەکـــانە هـــونەرە جوانکـــارییە وشـــەییەکانی بەکارهێناوە و تیایـدا زۆرتـرین هـونەری وشـەیی لە چامەکەیـدا بەرجەسـتەکردووە، کە بەهـۆی ڕێنمایی گۆڤارەکەوە تەنها پازدە جۆریمان بەکارهێناوە.

5- صابری له هۆنراوەکانی دا بە بەراورد بە هونەرکانی وشەیی، نۆزده جۆری هونەرەکانی واتایی له هۆنراوەکانی دا بەر چاوکەوتوون، ئەمەش بۆ ئەوه دەگەڕێتەوە كە چۆن جوانکاری لە ئاستی فۆرمدا گرنگە بەهەمان شێوە پێویستە گرنگی بە جوانكاری واتایش بدرێت، بۆ ئەمەش صابری، زۆرێك لە هونەرە واتایەكانی بەكارهێناوە.

6- لە نێو هونەرە جوانکارییە ووشەیەکانیدا زۆرترین جۆری هونەری رەگەزدۆزی بەر چاو دەکەوێت، وە لەنێو هونەرە واتاییەکانیشدا هونەری دژیەك و ژماردن بەرچاودەكەوێت،

سەرچاوەکان:

*** قورئانی پیرۆز.**

## <u>سەرچاوە كوردیەكان:</u>

### <u>أ//كتێب:</u>

1-د.ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری له ئەدبی کوردیدا، سەردەم، سلیمانی، 2003ز .

2- د.ئیدریس عەبدوڵڵا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان له شیعری کلاسیکی کوردیدا، چ:1، هەولێر ، 2011ز.

3- د.ئیدریس عەبدوڵڵا، شێواز، چ:1، چاپخانەی مناره، هەولێر، 2012ز.

4-د.ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، هیڤی، هەولێر، 2012ز.

5-د.ئیدریس عەبدوڵڵا، هونەرەکانی ڕەوانبێژی کوردی بە نموونەی ووتارەکانی مامۆستا سەید ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2018ز.

6- پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، 2009ز.

7-د.سەید ئەحمەد پارسا، جوانکاری له ئەدەبی کوردی دا بەشێوازێکی نوێ، چاپی یەکەم، چاپی ئیشراق،1397ه، 2018ز.

8-مەلا عبدالکریمی مدرس، بەدیع وعەرووزی نامی، چاپخانەی(دار الجاحف)، بەغدا، 1991م .

9-د.عبدالواحد مشیر دزەیی، پراکماتیك ورەوانبێژی، چ(1)،هەولێر،2015ز .

10- علاو الدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ دووەم، چاپخانەی معارف، بەغداد، 1971ز.

11-علاوالدین سجادی، خوشخوانی(گوزارەکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری)، چاپخانه المعارف، بەغدا، 1978.

12- د.عەبدوڵڵا خدر مەولوود، لێکۆڵینەوەیەك له شیعری حەمدی، چ یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2004ز.

13- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی له ئەدەبی کوردی دا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دار الجاحف، 1972ز.

14- ئا:لەتیف فاتح فەرج، صابری لە دووتوێی چەند لێکۆڵینەوەیەکدا، د.ئازاد ئەمین باخەوان، زمانی شیعری و توانای زمانی لەلای(صابری) شاعیر، چ(1)، چاپخانەی کوردستان، کەرکووك،2009ز.

15-لهۆن قادر عبدالرحمن، دوالێزمی دژیەك لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزیدا، چ(رجایی)، تاران، چ(1)، 2014ز .

16-محمد سعید ابراهیم محمدی، گەشتێ لە عیلمی بەلاغە معانی، بدیع، عروچ، قافیە، ئێزربایجان غربی- مهابات، 1364- 1985ز.

17-د.محەمەد نوری عارف، فەرهەنگی شاعیران (نالی ، سالم، کوردی)، دەزگای ئاراس، هەولێر،2007م .

18- موحسین ئەحمەد مصگفی گەردی، بەهاری ڕەوانبێژی(واتاناسی-ڕوونبێژی-جوانکاری)، چ:1، نارین، هەولێر، 2013ز.

## ب// نامەی ئەکادیمی:

1-بەهار عبدالجبار جامی، هونەرەکانی جوانکاری لە شیعرەکانی(عەونی)دا،نامەی ماستەر، کولیژیپەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2013ز.
2-ڕۆکان گوریل شعیا، هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعری فولکلۆری کوردیدا، نامەی ماستەر، کولیژی زمان زانکۆی سلێمانی، 2014ز.
3-زانا یاسین عبید، هونەری جوانکاری لەشیعری(حەمدی)دا، ماستەرنامە، زانکۆی ڕاپەڕین، 2016ز.
4-عەبدول سەلام سالار عەبدولرحمان، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری(نالی)دا، ماستەرنامە، زانکۆی سولەیمانی، 2000ز.
5-مەریوان حسین فرحان، جوانکاری لە شیعری (وەفایی) دا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانیی،2015ز.

## ج// دیوان:

1-دیوانی صابری، کۆکردنەوەی: شێخ عەبدولڕەحمان شێخ نەجمەدین صابری، چ2، چاپخانەی ئاسیا، کەرکووك، 2008ز .
2-دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی:مەلا عبدولکەریمی مودەڕڕیس و موحەممەدی مەلا کەریم، کۆری زانیاری کورد،بەغدا،1977.

## د// ڕۆژنامەو گۆڤارەکان:

1-عەلی فەتاح دزەیی، هونەرەکانی بەلاغەت لە مەم و زینی ئەحمەدی خانی دا، گ(کاروان)، چابخانەی دار افاق عربیە، بغداد، ژ(24)، ئەیلولی 1984.
2) سەرچاوە عەرەبییەکان:أ-کتێب:
1-أسامه بن منقذ، البدیع فی النقد الشعر، الجمهوریة العربیة المتحدة، وزارە الثقافة والارشاد القومی، بدون سنه الطبع.
2- د-احمد مطلوب، البلاغة العربیة، دار الکتب للطباعة والنشر، بغداد،1980م .
3-أحمد الهاشمی، جواهر البلاغة فی المعاني والبیان والبدیع، دار الکتب العلمیة، ط(4)،بیروت،2002م .
4-د.بسیونی عبد الفتاح فیود، علم البدیع، دراسة تاریخیة وفنیة للٲصول البلاغة ومسائل البدیع، مؤسسة المختار للنشر، القاهره، ط(3)، 2010م.
5-د.حسن محمد نورالدین، للخوری بولس عواد، العقد البدیع فی فن البدیع، دار المواسم، ط(1)، بیروت-لبنان، 2000م.
6-عبد القادر حسین، فن البدیع، دار السروق، گ(1)، القاهره، مصر،1983م.
7-علی بن نایف الشحود،الخلاصة فی علوم البلاغة، 2007م.
8-علی الجارم و مصطفی أمین، البلاغة الواضحة، البیان و المعاني و البدیع، ط الاخیر، دمشق، 2007م.

9- د.ناصر حلاوى وأخرون، البلاغة و التطبيق للصف الخامس الادبي، ط16، جمهورية العراق وزاره التربية، 2007م.

**ب//نامەی ئەكادیمی:**

1-مصطفى عبدالقادر مصطفى من الله، البديع فى شعر عمر بن الفارض، بحث ماجستير فى اللغة العربية، جامعه أم درمان الاسلامية، كلية اللغة العربية، قسم الدراسات الادبية والنقدية،2006م.

**ج//ڕۆژنامەو گۆڤارەكان:**

2-د.محمد حسن على مجيد الحلى، من الظواهر البلاغية ظاهرة التكرار فى الشعر العراقي الحديث(شاذل طاقه مثالا)، مجلة جامعة القادسية للعلوم الانسانية، المجلد(13)، عدد(4)، 2010م.

## References

-Qur'an Kareem

-'Aarif, D. Muhamad Nuri, *Frahange Sha3eran ( Nali ,Salm , Kurdi )*, Hawler: Dazgay Aras, ,2007m

- Abdulrahman, Lhun qadr. *Dzhyak dwalezme la honrawa lerekyakane mawlanay rome w mawlawe tawaguzeda , chape ( rjaye) , taran, chape ( 1 )* , 2014 zayne.

-Ahmad, Paxshan Ali. *shewaze she3re goran, chapxanay ranj*, slimane , 2009 zayne .-

-D.Idris Abdullah. *Hunarakane Rawanbizhe Kurde ba Nmunay Wtarakane Mamosta Sayd Ahmad*. Hawler: chapxanay rozhhalat, 2018 zayne. .

-, ----------.*Jwankare la Adabe Kurdeda*. Slimane: Sardam, , 2003 zayne.-

-------------. *Layana Rawanbizhyakan la She3re Klaseke Kurdeda*, ch:1 , Hawler: 2011 zay

-------------. Shiwaz, ch:1 . Hawler: chapxanay mnara , , 2012 zayne

-------------. *Jwankare She3re Klaseke Kurde*. Hawler: chape yakam , hive, ,2012 zayne.

- Dzay, D. Abdul Wahid musher. *Trakmatek w rawanbezhi , ch (1*) , Hawler: 2015 zayne

- Faraj, A. Latef fateh. *Sabre la du twiy chand likolenawayakda , D.azad amen baxawan, zmane sh3re w twanay zmane lalay ( sabre ) sha3er , chape ( 1 )* , Karkuk: chapxanay kurdistan, , 2009 zayne

-Gardi, Mwhsen Ahmad Mustafa. *Bahari Rawanbezhi ( Watanasi, Rawanbezhi , Jwankari ), Ch(1),* Hawler: Naren, 2013 zayne..

-Mawlwd, D. Abdula xdr. *Lekolenawayak la She3re Hamde , ch(1)*, Hawler: chapxanay Roshnberi , 2004 zayne

-Mohamadi, Mohamad Sa3id Ibrahem. *Tashte la 3lmi balaxa ma3ani ,bade3 , 3arwz, qafya*, Azarbayjan: xarbi,1364 - 1985 zayne

-Mudares, Mala Abdulkremi, *Bade3 w Aarwzi nami* , Baxda: Chapxanay ( Dar Aljahz ), , 1991 melady.

- Parsa, D.Sayd ahmad. *jwankare la adabe kurdeda ba shewazike nwe* , chape yakam , chape eshraq, 1397 , 2018 zayne.

- Sajade, Ala'addin. *Mezhwy adabe kurdi*, ch(2) ,Chapxanay Ma3arf, baxdad , 1971 zayne

---------------. *Xushxwani ( Guzarakari , Rawankare Jwankare ).* Baxdad: Chapxanay Alma3arf , 1978zayne.

- Trde, Azez. *Rawanbizhe la adabe kurdeda, barge yakam*, Baxdad: chapxanay dar al-jahiz.1972 zayne

**Theses:**

- Abdulrahman,Abdul Salam Salar. Hwnari Rawanbezhi la she3ri ( Nali )da, Mastar Nama , Zankoy Slimane, 2000 zayne..

- Aubed, Zana Yasin. Hwnari jwankare la she3ri ( Hmadi )da, Mastar nama, Zankoy Raparen, 2016 zayne.

-Farhan,Mariwan Hwsen. Jwankari la she3ri ( Wafay )da, Namay mastar, Faktari Zansta mrovayateyakani Zankoy Slimane, 2015 zayne..

- Jami, Bahar Abduljabar, Hwnarakani Jwankare la she3rakani ( Awni )da, Namay mastar, Kolezhi parwarda, Zankoy Slahaden, Hawler , 2013 zayne..

- Sh3ya,Rokan Twre.l Hwnarakani Rawanbezhi la She3ri folkloreda kurdeda, Namay mastar , Kolezhi zman zankoy slimane, 2014 zayne. .

**Collection of poems**

- Kokrdnaway, Diwani Sabri. Shex Abdulrahman Shex Najmaden Sabre, Ch(2), Chabxanay Asya, Kirkuk, 2008 zayne..

- Lekolrnawa, Diwani Mahwe, w Lekdanaway : Mala Abdul Karime Mudares w Muhamadi mala karim, Kore zanyare kurd, Baxdad:, 1977 zayne..

**Magazines and Newspapers**

-Dzay, Ali Fatah. *Hunarakany Balaxat la mam w zeni Ahmadi Xani da*, *G* Baxdad: ( Karwan Chapxanay Dar Afaq Arabeya, , Zh(24), Aeluly 1984 zayne.

**Arabic References**

**Books**

-Al-Hashimi Ahmad, *jawahrl balagha wel ma3ane walbayan walbade3* , Bayrut darl kutubl 3lmya, tab3 ( 4 ) , , 2002 melade..

- Al-Jarim, Ali & Mustafa Amen, *Albalghat ul Wadheha* , *albayan walma3ane walbade3, tab3l axer*, Damascus: 2007 melade.

- Farid, D.bsyune abdulfatah. *3lm bade3, derasa tarexya wafanya lel usul albalagha w masayl albade3* Al-Qahera: muassatl muxtar llnashr, , tab3 (3) , 2010 melade. .

-Hussen, Abdulqadir. *fan ul bade3* , alqahera: dar ul shruq, tab3 (1) , , msr, 1983 melade .-

Ali bn nayfl shahud, alxalasa fe 3luml balagha, 2007 melade..-

- Ibnu Mumqith, Osama. *albade3 fe naqdl sh3r , aljmhuryal arabyal mutaheda, wazarafl saqafa wal ershadl qawme, bdun sanatl tab3*. .

- Matlub,D. Ahmad. *Albalaghat ul Arabya*, Baghdad: darlkutub lltaba3a walnashr, , 1980 melade.

- Nuraddin, D.hassan mohammad. *lelxure buls 3awad, al3aqdl bade3 fe fanl bade3 , darl mawasm, tab3 (1)* Bayrut: 2000 melade. .

- Xallawi, D.Nasr et al. *Albalagha Wat Tatbeq lis Saff il xamis al adabe* , tab3 16 , Baghdad: wezaratl tarbya, 2007 melade..

**Theses**

-Man-Allah,Mstafa abdulqad mstafa. albade3 fe sh3r omar bn alfarez, bahs majster fe al lughal arabya, jame3at um darmanl eslamya , kulyat al lughal arabya, qsm al derasatl arabya walnaqya , 2006 melad.

**Magazines and Newspapers**

-Majedl 7ale, D.muhamad hasan ali. Mn zawahrl balagha zaheratl tkrar fe al sh3rl 3eraqel 7ades ( shazl taqa mesalan) , *majalat jame3atl qadsya lel 3luml ensanya*, almajalad (13) , 3adad (4) , 2010 melad.